پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژە

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر

# فۆكۆیاما

كۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

77

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# فۆکۆیاما

وەرگێرانی : کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 201 )



# فۆكۆياما

كۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

77

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند« من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بایۆگرافیای فۆکۆیاما

- لەساڵی 1952/10/27 لە گەڕەکی هاید بارکی شیکاگۆی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەدایکبووە.
- زاناو فەیلەسوف و ئابوریناسی سیاسی و نوسەر و مامۆستای زانکۆیە.
- باوکی دکتۆرای لە کۆمەڵناسیدا هەبووە لە زانکۆی شیکاگۆ.
- لەساڵی 1905 باوکی لەشەڕی روسی یابانی رادەکات بۆ ئەمریکا.
- لەساڵی 1989 نامەی( کۆتایی مێژوو)ی بەر لەوەی فراوانی و بیکاتە کتیبب، لەگۆڤاری ناسیونال ئینتریست بلاوکردەوە.
- لەساڵی 1992 ( کۆتایی مێژوو )وەک کتێب بڵاوکردەوەو بەهۆشیەوە ناوبانگی پەیداکرد.
- لەساڵی 2005 بەشداری لە دەرکردنی رۆژنامەی ئامریکان ئینتریست دەکات و دەبێتە سەرنوسەری.
- لەساڵی 1996- 2000 مامۆستای سیاسیەتی گشتی بووە لە زانکۆی جورج میسن.
- لەساڵی 2000-2010 مامۆستای ئابوری سیاسی و مامۆستای گەشەی نێودەوڵەتی بووە

له زانکۆی جونز هوبکنز.
- پێیوایه بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لیبراڵیی و سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد لە سەرتاسەری جیهاندا، ئاماژە بە کۆتایی گەشەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی مرۆڤ دەکات.
- لەساڵی 2010 لە بنکەی دیموکراسی و گەشەپێدان و سەروەری یاسا لە زانکۆی ستانفۆرد کاردەکات.
- بەر لە ساڵی 2010 وەک مامۆستاو بەڕێوەبەری بەرنامەی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە کۆلێژی لێکۆڵینەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو له زانکۆی جونز هوبکنز کاریدەکرد.
- مامۆستای سیاسەتی گشتی بووە لە زانکۆی جۆرج میسن.
- زیاتر له(20) کتێبی هەیە.
- لەساڵی 2014 کتێبی ( لە شۆڕشی پیشەسازییەوە بۆ بەجیهانیبوونی دیموکراسی) نوسیوە.
-ساڵی 2017 بەشداری پێنجەمین دیداری سلێمانی کردوە.
- جگە لە مامۆستای زانکۆ، کاری لە بەشی

زانستی سیاسی لە دەزگای راند کردوەو بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەم دەزگایە.

- لە سالانی هەشتاکاندا لە دەزگای پلاندانای سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی کردوە.

- بەکالۆریۆسی لە زانکۆی کورنیل وەرگرتوەو فەلسەفەی سیاسی خوێندوە.

- خوێندنی بالای لە ئەدەبی بەراورددا لە زانکۆی ییل وەرگرتوە.

- کەوتوەتە ژێر کاریگەریی هانتنگتۆن.

- ئێستا لە بنکەی دیموکراسی و گەشەو سەروەری یاسا کاردەکات لە زانکۆی ستانفورد.

# ڕەخنە لە تیۆری
# کۆتایی مێژوو

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

بەم دوایانە فۆکۆیاما گومانی لە تیۆرەکەی خۆی کرد، کە بە ناوی «کۆتایی مێژوو» خستبوویە ڕوو، بەڵام هۆکارەکانی ئەو بۆ گومانکردن، هەمان ئەو هۆکارانە نییە، کە لەم وتارەدا کورتیاندەکەینەوە.

ساموێل هانتینگتۆن، هاوەڵی فۆکۆیاما لە بابەتی ئابوریی سیاسیدا دەڵێت، مرۆڤایەتی چەندین مێژوو (Histories)ی هەیە، هەر قۆناغێک بزوێنەری تایبەت بەخۆی هەیە، مێژووی کۆن بە توندی ئارەزو و ئیرەیی پاشاکان و ئەمیرەکان دەیجولێنێت، مێژوویەکی دیکە هەیە، کە ململانێی نەتەوەکان دەیجولێنیت، پاشان مێژووی سێیەم هەیە، کە ململانێی ئایدیۆلۆژیاکان بزوێنەرەکەیەتی و لەگەڵ کۆتایی جەنگی سارددا ئەویش کۆتایی پێهات، لەمڕۆیشدا مرۆڤایەتی پێیناوەتە نێو مێژوویەکەوە، کە پێکدادانی توندی شارستانییەکان، بزوێنەریەتی و لەمڕۆدا ئەم پێکدادانە لەنێوان ئیسلام و سیستەمە دیموکرات-لیبراڵەکەی شارستانێتیی ڕۆژئاواییدا ڕوودەدات.

فۆکۆیاما و زۆر نووسەری دیکەیش، ئەم خوێندنەوەو ڕوانینەیان دەربارەی مێژوو

قبووڵنەبوو، لەبەرئەوەی بەردەوام، مێژوو پەرەسەندنی پەیوەندیی مرۆڤ بە سروشتەوە دەگرێتەوە، بۆیە ناکرێت چیرۆکی جیاواز لەبارەی ئەم پەیوەندییەوە هەبێت، بۆئەوەی فۆکۆیاما بگاتە ئەو بەرەنجامەی، کە هانیتنگتۆن پێیگەیشت دەبوو دژایەتی مارکس بکات. بەرەنجامەکەیش ئەوەبوو کە شارستانێتی ڕۆژئاوایی بەسەر شارستانێتییەکانی دیکەدا سەردەکەوێت، دژایەتیکردنی مارکسیش، دەبێت لە گۆڕینی ئەو بزوێنەرەی مێژووەوە دەستپێبکات، کە مارکس کەشفی کردووە: واتە ململانێی چینەکان. فۆکۆیاما وتی، مێژوو یەک بزوێنەری هەیە ئەویش خۆپڕچەککردنە، لە درێژەی سەلماندنی ئەم «حەقیقەت»ەیشدا، وتی خۆپڕچەککرددن ئاکامێکی لێکەوتەی دوو هێزی سەربەخۆیە، ئەوانیش:

1.زانستە سروشتییە مۆدێرنەکان (Modern Nature Science)، کە لایەنی بەردەوامێتی پێشکەوتنی مێژوو و ئاراستەکردنی مێژووی کەوتۆتە ئەستۆ.

2.خود-ئاگایی (Self-conscious) کە

بۆ کۆششی خۆ-ناسینەوە (Struggle For Self-recognition) دادەمەزرێت، ئەمەیش ئەو تایبەتمەندییەیە، کە هیگڵ تایبەتی کردووە بە مرۆڤ و لە ئاژەڵدا نییە. فۆکۆیاما ئەم تایبەتمەندییە دەباتەوە سەر تایبەتمەندییەکی دیکە، کە ئەفلاتون بڕوای پێبووە، ئەویش کەڵکەڵەی مرۆڤە بۆ باڵادەستی و کۆنترۆڵ (Mythos).

ئەو هەڵەی کردووە کە ئەم دوو لایەنەی بە تایبەتمەندیی ناوازەی مرۆڤ داناوە، چونکە زۆرێک لە ئاژەڵەکانیش، ئەگەر نەیشڵێین هەموویان، ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە کە لە غەریزەی ململانێی لە پێناو مانەوەیاندایە. سەیرە فۆکۆیاما بڕوای بەوە بێت ئەم بابەتە جوڵێنەری مێژووە، واتە بابەتی خۆپڕچەککردن لەپێناو سەروەری و مانەوەدا، ئەویش بە تایبەتی لە ساڵی 1992دا ئەم تێزەی خستەڕوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتدا، کە دەوڵەتی هەرە بەهێز بوو لەڕووی چەکداری و سەربازییەوە!

من لەم وتارەدا تەنیا ئایدیا سەرەکییەکانی

تیۆرە لاوازەکەی، واتە تیۆری «کۆتایی مێژوو»، پووچەڵدەکەمەوە، بۆیە بە کورتی لەسەر چەند خاڵێک دەوەستم.

ئایدیای یەکەم کە فۆکۆیاما لێیەوە دەستپێدەکات، گۆڕینی بزوێنەری کەژاوەی مێژووە لەململانێی چینایەتییەوە بۆ بزوێنەرێکی دیکە، کە ئامێرەکەی زانستە سروشتییەکانە و بە شێوەی ململانێی مرۆڤ بۆ خۆ-ناسین و بەدەستهێنانی دانپێدانان کاردەکات، ئەم ئایدیایە پشت بە کۆمەڵێک گریمانە دەبەستێت، کە ناتوانێت تەفسیری هۆکارەکانی وەستانی لە ناکاوی ئەم بزوێنەرە لە خاڵێکی دیاریکراودا بکات، ناتوانێت تەفسیری ئەوە بکات، بۆچی ئەم بزوێنەرە تەنیا دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی نەزمی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی نەزمێکی تر، دەتوانێت کاربکات. ئەگەر بزوێنەرەکەی فۆکۆیاما بزوێنەری ڕاستەقینەی کەژاوەی مێژوو بێت، ئەوا ئەم کەژاوەیە لەسەر یەک هێڵ بە بێ وەستان دەجووڵێت، جا کاتێک مێژوو بە گوێرەی ئەمە دەستیپێکرد، مرۆڤایەتی سەردەمێکی درێژ لە

کۆیلایەتیدا ژیا، پاشان چوونە نێو سەردەمی دەرەبەگایەتی، پاشان لە میرکانتلیزمەوە سەردەمی سەرمایەداریی دەستی پێکرد، لە هەموو سەردەمێکیشدا دوو چینی دژیەکی جیاواز لە دووچینە دژیەکەکەی قۆناغی پێشوو دەردەکەوێت، چینێکیان باڵادەستە و حوکم دەکات و سامانی هەیە، چینەکەی دیکەیان ژێردەستە و هەژارە و فەرمانڕەوایەتی دەکرێت، پاشان ئەگەر زانستە سروشتییەکان بنچینەی پەرەسەندن بوونایە، ئەوا مێژووی لە ماوەی گەشتە بەردەوامەکەیدا، ڕووبەڕووی قەیرانەکان نەدەبوویەوە، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی زانستەکان لە هیچ شێوەیەکی قەیراندا نانوێنرێتەوە، بۆیە گەر وا بووایە ئەوا لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان نەدەڕووخان و ئێستایش جیهان لە سایەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی و بگرە لەژێر سایەی ئیمپۆاتۆرییەتە فارسی و ئاشوورییەکانی پێش ڕۆمایشدا دەژیا.

بەشێک لە فەیلەسوفە پۆستمۆدێرنەکان هەوڵدەدەن بۆ دژایەتیکردنی مارکس و

پووچەڵکردنەوەی فەلسەفەی «ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی»، بۆیە هەندێکیان دەڵێن مەعریفە بزوێنەری مێژووە، هەر بەو جۆرەی کە فۆکۆیاما لەبارەی زانستە سروشتییەکانەوە دەیڵێت. هەندێک لە ئابوریناسە شوێنکەوتەکانیشیان بە ڕێچکەی ئەواندا دەڕۆن باس لە «ئابوریی مەعریفە« دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە مەعریفە بۆتە کارکردی سەرەکی لە بەهای بەرهەمهێناندا، نەک کار وەک ئەوەی مارکس گریمانەی کردووە. بە گونجان لەگەڵ ئەم تێزانەدا، بۆچوونی فۆکۆیاما دەربارەی مرۆڤ ئەوەبوو، کە مرۆڤ تەنیا ئاژەڵێکی ئابوری نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک ئاژەڵێکی خود-ئاگایە، واتە بوونەوەرێکە خۆ-گەورەبینییەکی هەیە و حەزی لە سەروەریی و باڵادەستییە بەسەر دەوروبەرەکەیدا. بەمەیش فۆکۆیاما دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بابەتێکی لەمێژینە لای فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان کە لە دواجاردا دەڵێن «خودا» مرۆڤی بە باشترین شێوە، یان لەسەر وێنەی خۆی، یان لەسەر نموونەی

خۆی خولقاندووە، واتە بە هەموو ئاگایی خۆیەوە، لەمەیشدا لە دووالیزمی بەرهەمهێنان/ مەعریفە دووردەکەوێتەوە، کە جەخت لەسەر پەیوەندیی دیالەکتیکی لەنێوان بەرهەمهێنان لەلایەک و مەعریفە لە لایەکیترەوە دەکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا مەعریفە تەنیا بە هۆی بەرهەمهێنانەوە بوونی هەیە، بەرهەمهێنان باوک و دایکی مەعریفەیە و مەعریفەیش تەنیا لە ڕێگەی بەرفراوانبوون و پەرەسەندنی بەرهەمهێنانەوە بەرفراوان دەبێت و پەرەدەستێنێت. ئایدیالیزمی خولقاندن لە تەوراتدا، کە هیگڵیش جەختی لەسەر دەکاتەوە و فۆکۆیامایش بۆ مەبەستی بەئەبەدیکردنی سەرمایەداریی دەستی پێوەدەگرێت، چیتر هیچ بایەخێکی نییە، چونکە زۆربەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان و شوێنەوارناسەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە ملیۆنان ساڵ بەر لە هەڵهاتنی خۆری ئاگایی، ئاژەڵی هاوشێوەی مرۆڤ لە سەر زەویدا هەبوون. خۆ ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی ئاگاییەوە خولقا بێت، ئەوا مێژوو بۆ دواوە دەگەڕایەوە و مرۆڤ ژیانی

لەسەر زەوی بە باشترین ئامێر و کەرەستەی بەرهەمهێنان دەستپێدەکرد، پاشان هێدی هێدی لە گەشتەکەیدا بەرەو دواوە دەگەڕایەوە.

سەرەتا ئاگایی بە دەرچوونی مرۆڤ لە خۆی دەستپێکرد، بۆئەوەی گرنگی بەو شتانە بدات، کە لەدەوروبەری بوونیان هەیە، تاوەکو ژیانی خۆی بەرهەمبهێنێت، واتە ئەو پێویستییانەی کە ڕێیپێدەدەن بەردەوامبێت و لە ژیاندا بمێنێتەوە. ئەم نامۆبوونە کە مارکس ناوی دەنێت «گەشتی نامۆبوون» (Alienation Journey) ، ئەو گەشتەیە کە هەتا مرۆڤ لەسەر زەوی بژی کۆتایی پێنایەت. مرۆڤ ئەو کاتە لە ئاژەڵەکانی دیکە جودا بوویەوە، کە پەیوەستبوو بە دووالیزمێکەوە، ئەویش کەرەستەکانی بەرهەمهێنان/ئاگایی بوو. دواجار، بە چاوپۆشی لە هەموو هەوڵدانە کەسییەکان بۆ تەفسیرکردن، هیچ کەس مشتومڕی ئەوە ناکات، کە ئاگایی مرۆیی هەرهەموو دەخرێتە نێو یەک ئاشەوە، ئاشێک کە بۆ ئەوە دەسوڕێت پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ و هەموو کەرەستە ئاسانکەرەکانی

ژیانی مرۆڤ بەرهەمبهێنێت. مرۆڤ ئاژەڵێکی بەرهەمهێنەرە، جا لەبەرئەوەی بەم جۆرەیە، بۆیە مێژوویەکی هەیە، گۆڕانی بەسەردا دێت.

فۆکۆیاما خود-ئاگایی (self-conscious) لە کەڵکەڵەی سەروەرێتی و باڵادەستی و کۆنترۆڵ بەسەر ئەوانی تری دەوروبەردا دەخاتەگەڕ، بەم واتایە ئەو بنەمایەی هیگڵ تەفسیر دەکات، کە بڕوای بە «ململانێ لەپێناو دانپێدانان»دا هەیە. گومانی تێدا نییە عەقڵ لای مرۆڤ ئامرازی ململانێیە لەپێناو مانەوەدا، نەک ململانێی لەپێناو سەروەری و باڵادەستیدا. خەسڵەتی دانپێدانان (Recognition)، بە تەواوەتی خەسڵەتێکی تایبەت بە مرۆڤە. هەتا مرۆڤ لە بەرهەمهێناندا ڕیالیزە نەبێت ئەوا ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی دانپێدانان و خۆناسیندا دەبێت، تەنیا لە بازنەی بەرهەمهێناندا قەتیس ببێت و بە هیچ جۆرێک نەگوازرێتەوە بۆ دەوروبەر. لێرەدا مارکس پێیوایە پراکتیزەکردنی واقیعییانەی بنەماکەی هیگڵ «ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی دانپێدانان»دا، لەمیانەی ململانێی چینایەتییەوە ڕیالیزە دەبێت، لەبەرئەوەی هەر

چینێک پشتیوانی لە کەرەستەی بەرهەمهێنانی تایبەت بەخۆی دەکات، چینەکانیش بۆ پشتیوانی لە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ یەکتردا ململانێ دەکـەن، زەمینی ئـەم ململانێیەیش بازاڕە، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنراوەکان دەکەونە کێبەرکێیەکی توندەوە لەسەر ئەوەی، کامیان لە پێشتر دەگۆڕدرێتەوە بە پارە، هەروەها کامیان نرخیان بەرزترە. لە کۆنتێکستی ئەم ململانێیەدا لە بازاڕەکاندا، هەموو جەنگە ئیمپریالیستییەکان ڕوویـانـدا، ئەمەیش وایکرد کە پێویستییەکی خۆپڕچەککردنی بێ پێشینە، لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە، بێتە ئاراوە، هەر وەک ئەوەی لە هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا بینیمان.

دیاریکردنی مـرۆڤ بـەو پێیەی حەزێکی غەریزییانەی هەیە بۆ باڵادەستی و کۆنترۆڵ، وێـنـاکـردنـێـکـی کـاریـکـاتـۆریـیـەو دوورە لە حـەقیقـەت. مـرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر بێتوو لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هاوکار نەبووایە و هەماهەنگی لەگەڵیاندا نەکردایە، بۆ بەرهەمهێنانی پێویستییە سەرەکییەکانی، ئەوا مرۆڤ هەر بە ئاژەڵی دەمایەوە، ئەگەر

مرۆڤ ئەمەی نەکردایە، ئەوا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵەکاندا نەدەبوو. هاوکاری و هەرەوەزی کە مەرجی بەرهەمهێنان پێویستی بە ڕۆحی یەکسانییە. هەرەوەزی و یەکسانی، بە ڕەهایی هەموو کەڵکەڵەیەکی باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن، واتە ئەو پاڵنەرەی کە فۆکۆیاما بە بزوێنەری مێژووی دادەنێت، ڕەتدەکەنەوە.

ئەگەرچی کۆمۆنیزم، هەموو لێکدژییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام مارکس ئەمەی بە کۆتایی مێژوو دانەناوە، جا کاتێک کە مارکس نەیتوانی لەڕێگەی هۆکارێکی سەرەکییەوە پاساوی ئەم بۆچوونەی بدات، ئەوا وتی بە وردی نازانێت کۆمۆنیزم چۆنە، نە دەزانێت مەرجەکانی چییە و نە دەزانێت ئەو لێکدژییە شیاوانە چین کە دەشێت تێیدا هەبن، بەم مانایە مارکس بە وردی دیارینەکردووە، کە دۆخی کۆمۆنیزم چۆنە، بەڵام فۆکۆیاما بە پێچەوانەی مارکسەوە، بڕیاری لەوەداوە، کە سیستەمی سەرمایەداریی یان «ئابوریی بازاڕ» (ناوە ماکیاژکراوە خۆشەویستەکە بەلای لایەنگرانی «سیستەمی سەرمایەداری»)

و «دیموکراسییەتی لیبراڵی» (کە وەک جمک وەهان، بە بێ ئەوەی کەس نهێنیی ئەم جمکی و دووانەییە بزانێت) کۆتایی مێژوون! ئەو نەیدەتوانی ئەم دوو جمکە بە کۆتایی مێژوو دابنێت، ئەگەر بێتوو هەر لە سەرەتاوە پێکهاتەی بزوینەرێکی تایبەت بە مێژووی نەخستایەتە ئەستۆی خۆی، واتە بزوێنەرێک کە سەرقاڵە بە جەنگەکانەوە، لەلایەکەوە کەڵکەڵەی مرۆڤ بۆ باڵادەستی و کۆنترۆڵ و لەلایەکی دیکەیش بۆ پێشکەوتنی زانستە سروشتییەکان، بەرجەستەدەکاتەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە فۆکۆیاما هەر لە سەرەتاوە دەیکات. بە گوێرەی فۆکۆیاما ئێستا ئیدی سەردەمی جەنگەکان تەواو بووە و مێژوو کۆتایی پێهاتووە. زانستە سروشتییەکان پێشکەوت و چەکی کۆکوژ و ئەتۆم بەرهەمهاتووە کە بەهۆی مەترسییەکەیەوە نەیهێشت لایەنە دژەکان بە یەکدا بدەن، بەوەیش خواستی مرۆڤ بۆ باڵادەستی و کۆنترۆل لەکارکەوتووە، لەبەرئەوەیشە کە ئێستا دیموکراسییەتی لیبراڵی بڵاودەبێتەوە. بەمجۆرە ئایدیا ساکارە

منداڵانەیە، فۆکۆیاما درەنگوەختێک مزگێنیی کۆتایی مێژوو و ئەبەدییەتی سەرمایەدارییمان پێدەگەیەنێت، واتە دوای ئەوەی سەرمایەداری لە گۆڕدا بۆگەنی کردووە و مردنی خۆی لە «ڕاگەیاندنی ڕامبۆییە« (Rambouillet Declaration)ی نۆڤەمبەری 1975دا ڕاگەیاندووە، دوای ئەوەی کە چیتر بازاڕ بازاڕێک نییە، بە هەموو یاسا و ڕێوشوێن و دیسپلینە ناسراوەکانییەوە، لەبەرئەوەی تێیدا بەر لە ڕاوکردنی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریی لە چینی ناوەڕاست، کرێکارە بەرهەمهێنەرەکان ڕاو دەکرێن و هەندێکات بەهای کاتژمێر/کاری بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری دەگاتە هەزار ئەوەندەی بەهای کاتژمێژ/کاری بەرهەمهێنانی کاڵا. زۆربەی یاساکانی بازاڕ هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەیش دەرفەتی ئەوە بە پێشڕەوانی چینی ناوەڕاست دەدات، کە شانازی بە گۆڕانی «ئابوریی بازاڕ» بۆ «ئابوریی مەعریفە«وە بکەن. لە کتێبەکەکدا بە ناونیشانی «تازە لە ئابوریی سیاسیدا» مشتومڕی ئەم بابەتەم کردووە.

زەبری کوشندە کە بەر سەری تیۆری «کۆتایی مێژوو»ی فۆکۆیاما کەوتووەو کوشتوویەتی لەوەدایە کە ئەم «سیستەم»ەی ئێستا لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و فۆکۆیامایش وەک سیستەمی «دیموکراسییەتی لیبراڵی» و «ئابوریی بازاڕ» دەیخاتەڕوو، «مایەپووچ» بووە، بۆیە نە سیستەمە و نە دیموکراسییە و نە لیبراڵییە و نە ئابورییە و نە بازاڕە.

گەر ئەم سیستەمە سیستەم بێت، ئەوا واتای ئەوەیە کە بە ناچاری دەبێت لەخۆیدا بێت و خۆی خۆی بەگەڕ بخات و بۆ خۆیشی بێت، بەڵام سیستەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، نە لەخۆیدایە و نە خۆی خۆی بەگەڕدەخات و نە بۆخۆیشییەتی. ئەم سیستەم پێویستی بەوەیە ڕۆژانە دوو ملیار دۆلار تەنیا بۆ بەردەوامبوون و مانەوەی خۆی لە ژیاندا، خەرجبکات. گەر دیموکراتییش بێت، واتای ئەوەیە بە ناچاریی هەر هاووڵاتییەکی ئەمریکای بتوانێت خۆی بە نوێنەری گەل هەڵبژێرێت، لەکاتێکدا ئەوانەی کە بە ملیۆنان دلاریان نەبێت، ناتوانن

تەنانەت بیر لە خۆپاڵاوتنیش بکەنەوە. کاندنی سەرۆکایەتی دەبێت سەدان ملیۆن دۆلار بۆ دەرچوونی لە هەڵبژاردندا خەرجبکات. خۆ ئەگەر ئەم سیستەمە لیبراڵیستیش بووایە، ئەوا دەبوو فەرمانبەرێکی دەستەی کارگێڕیی ئەمریکا (یان ئیدارەی کۆشکی سپی)، لایەنیکەم ئازادبووایە لە بڕیاردان لەبارەی وەزیفەکەیەوە، ئەمەیش شتێکە هەرگیز لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوونادات. کاتێک سەرۆک جۆن کەنەدی سووربوو لەسەر ئەوەی، بە تەواو ئازادیی خۆیەوە بڕیارەکانی خۆی بدات، کوشتیان. کاتێکیش سەرۆک ڕۆناڵد ڕەیگان چوو بۆ ریکیافیک لە ئایسلەندا، بۆئەوەی لەگەڵ گۆرباچۆف کۆببێتەوە و گەیشتن بە ڕێکەوتننامەیەک بۆ داماڵینی چەک، گۆرباچۆف لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا بەدەم قاقای پێکەنینەوە دەچێتە دەرەوە و دەپرسێت: ئەم سەرۆکە چییە کە نێردراوە بۆ ئێرە بە بێ ئەوەی سەپشک بیت لە بڕیاردان؟! «کۆڵن پاوڵ»ی وەزیری دەرەوەی پێشوو، دانی بەوەدا نا خۆی ئەو وتارەی نەنووسیوە، کە

له ئەنجومەنی ئاساییش لەبارەی چەکی کۆکوژ له عێراق خوێندییەوە. لەڕووی ئابورییشەوە، ئەوەی لەم سیستەمەدا هەیە، ئابوری نییە بە واتا وردەکەی. ئەم ئابورییە پێویستییە سەرەکییەکانی گەلی ئەمریکی دابیناکات، ئاشکرابوونە سکاندالییەکەیشی تەنیا ئەوە نییە، کە هەمیشە قەرزارە و تا ئەمڕۆ ئەم قەرزە چوارهێندەی سەرجەم بەرهەمی نەتەوەییە و ئەمریکای کردۆتە قەرزارباری هەرە گەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو دەرخستنی نیمچە گشتیی دۆلارە. پارێزبەندیی دراوی نیشتمانی (دۆلار)، لەلایەک ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆیەوە بەرهەم نایەت و هەرگیزیش هیچ شتێکی لەم بارەوە نییە. بەڵکو نەوتی عەرەبی (رێکەوتنی پێترۆ-دۆلار) و بەرهەمهێنانی کاڵایی چینییە. لەمڕۆدا ویلایەتە یەکگرتووەکان گرەو لەسەر نەوتی عەرەب و کاڵای چینییەکان دەکات. بازاڕیش چیتر ئازاد نییە، چونکە بتە سەرمایەدارییەکانی لەدەستداوە. ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەمڕۆدا له سێ لەسەر چواری سەرجەمی دەوڵەتانی

پێشکەوتوودا پێشکەشدەکرێن، ناگەنە بازاڕ و ملکەچی بەهای سەرمایەداریی نابن، ئەویش یاسای بنچینەیی بازاڕە.

پێشنیاری من بۆ فۆکۆیاما ئەوەیە لەمڕۆدا کتێبێکی دیکە بنووسێت، کە دژ بە هەموو تێزەکانی تیۆرەکەی بێت لەبارەی ئەبەدییەتی سەرمایەداری و کۆتایی مێژووەوە. بەوپەڕی دڵفراوانییەوە پێشنیاری بۆ دەکەم دەستبەجێ ئەم کارە بکات، چونکە نەزمی ئەمریکی باڵادەستی ئەمڕۆ و سەرجەم نەزمە هاوشێوەکانی لە وڵاتانی تردا، لە چەند ساڵێکی کەمی داهاتوودا بەشێوەیەکی ترسناک دادەڕوخێن، ئەمەیش هەموو مرۆڤایەتی دەخاتە نێو کارەساتێکی مێژووییەوە، کە مەگەر تەنیا بە کارەساتی کەوتنی ڕۆما لە ساڵی 476ز دا، بەراوردیبکەین.

**سەرچاوە:**

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=101275

# تێزی کۆتایی مێژوو

وەرگێڕانی: بیلال ئیسماعیل حەمە

## یەکەم: گریمانەکانی تێزی کۆتایی مێژوو

پـــاش رووخـــانـــی دیـــواری بـەرلـیـن لە (1989/11/9) دا و کۆتایی هاتنی جەنگی سـارد، فۆکۆیاما وتارێکی بـڵاوکـردەوە، لەو وتــارەدا پرسیاریکرد سـەبـارەت بە کۆتایی مێژوو؟ ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی ژاوە ژاوێکی زۆر لە ناوە و دەرەوەی ئەمریکادا، لـەو وتــارەدا فۆکۆیاما گرنگترین رووداوە سیاسیەکانی سەدەی بیستەمی باسکردبوو، لە پاش رووخانی دەسەڵاتی فاشی نازی لە پاش جەنگی جیهانی دووەمدا و لە کۆتاییشدا رووخانی بلۆکی شیوعیەت. سـەرەڕای ئەوە ئاماژەی بەوەش دابوو، کە دیموکراتی و لیبراڵی خاڵی کۆتاییە لە بەرەوپێشچوونی ئایدۆلۆژیای مرۆییدا، و وێنەی کۆتایی سیستمی سیاسیە لە دەوڵەتانی جیهاندا.

دواتــر و لـە تـێـزەکـەیدا «کـۆتـایـی مێژوو و مـرۆڤـی کـۆتـایـی» لـە سـاڵـی 1992 دا بـڵاوکـرایـەوە، وەڵامــی پـرسـیـاری سـەرەکـی وتارەکەی دەداتەوە، و دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی فیکری سیاسی و تیۆرییە مێژووییەکان لای هـەر یەکە لە کانت، هیگڵ، هۆبز، مارکس و

چەند بیرمەندێکی دیکە، مەبەست لەوەش هۆکار هێنانەوە بوو بۆ گریمانە فیکریەکانی نێو تێزەکەی «کۆتایی مێژوو» بە شێوەیەکی فراوانتر و گشتگیرتر لە وتارەکەی. جگە لەوەش ئاماژە بەوە دەکات، کە کتێبەکەی پەیوەندی نییە بە وتاری یەکەمیەوە، بەڵکو کتێبەکەی تێزێکی تەواوە سەبارەت بە جیهانێکی نوێ وەک ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: «ئەم کتێبەم سەر لەنوێ داڕشتنەوەی وتارە سەرەکیەکە نییە، هەروەها هەوڵێکیش نییە بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە گفتوگۆکاندا لەگەڵ رەخنەگران و ئەوانەی لەسەر وتارەکەیان نوسی، بەڵکو ئەو کتێبە زۆر لەوە دوورتر دەڕوات، کە تەنها روونکردنەوەی کۆتایی جەنگی سارد ئامانجی بێت، یان هەر بابەتێکی دیکەی سیاسی نوێ»، کتێبەکە و وتارەکە یەک فکرەیان هەیە، ئەویش کۆتایی مێژووی مرۆڤایەتیە، جگە لەوەی کتێبەکە تێزە فیکریەکانی لە خۆ گرتبوو بە شێوەیەکی فراوانتر و گشتگیرتر.

بیرۆکەی سەرەکی کە فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا «کۆتایی مێژوو» دەیخاتەڕوو بریتییە لەوەی

دیموکراتی و لیبڕاڵی خاڵی کۆتایی بەرەو پێش چوونی ئایدۆلۆژیای مرۆیی، و وێنەی کۆتای سیستمی فەرمانڕەوایی مرۆیی پێکدەهێنن، ئاماژە بە هەر یەکە لە هیگڵ و مارکس دەکات و دەڵێت: بە بیروباوەڕی هەر یەکە لە هیگڵ و مارکس پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی، هەتاوەکو کۆتایی نییە، ئاماژە دەکات بەوەی لای هیگڵ دەوڵەتی لیبڕاڵی کۆتاییە و لای مارکسیش کۆمەڵگەی شیوعی. فۆکۆیاما سەبارەت بە بابەتی کتێبەکەی ئەوە رادەگەیەنێت «ئەگەر پەسەندبێت - جارێکی دیکە قسەبکەین سەبارەت بە مێژووی مرۆیی کە هەڵگری ئاماژە و ئامانجی روونبێت، بەشی زۆری مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەی دیموکراتی لیبڕاڵی ببات؟ وەڵامەکەی بەڵێیە لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان پەیوەندیدارە بە ئابوریەوە، دووەمیش پەیوەندی هەیە بەوەی ناو دەبرێت بە ململانێ لە پێناو بەدەستهێنانی رێز و شکۆمەندیدا».

**باشترین سیستمە سیاسیەکان:**

گرفتی کۆتایی مێژوو بریتییە لە هەوڵێک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی کۆن، رەنگە فیکری

ئاینی لە خستنە رووی ئەمەدا لە پێشتر بێت، بەڵام کۆتایی مێژووەکەی فۆکۆیاما مەبەست لێی کۆتاییەکی ماددی نییە، یان فەنابون نییە هەر وەک لە فیکری ئاینیدا هاتووە، بەڵکو فۆکۆیاما مەبەستی لە کۆتاییەکی فیکریە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆتایی ئایدۆلۆژیادا وەک دەرئەنجامێکی سەرکەوتنی فیکری دیموکراتی لیبراڵی بەسەر ئیشتراکیەتدا. بابەتی «باشترین سیستم» یەکێکە لە بابەتە هەرە لە پێشینەکانی فەلسەفەی سیاسی کە لە لایەن ئەفلاتونەوە (428 – 348 پ. ز) دامەزرابوو، بابەتی سیستمی سیاسی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی لە کتێبەکەی «کۆمار» دا چارەسەر کراوە ئەوەش بە چەند شێوەیەکی جیاواز دەرکەوتووە و باسی لە هەموو ئەوانە کردووە لە پێش خۆیدا هەبووە، و تیۆریەکانیان چەندین وەڵامی دژ بە یەکی لە خۆ گرتووە سەبارەت بە باشترین سیستمی سیاسی. لەبەر ئەوە خستنە رووی بابەتی «کۆتایی مێژوو» لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی لە کۆتاییەکەی فۆکۆیامادا نوێیە بریتییە لە

تەواوبوونیَ پەیوەندیدار بە بە دەستهێنانی ئامانجەوە، و گەشتن بە مەبەست، یان قۆناغی کۆتایی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و نەهێشتنی دژیەکیەکان. واتا مەبەستی فۆکۆیاما ئەوەیە کە دیموکراتی لیبڕاڵی گەشتووەتە چارەسەری هەموو کێشە و ناکۆکیەکان لە نێو کۆمەڵگەکاندا، بەوەش مێژوو گەشتووەتە کۆتایی، و چی تر هیچ پێویست نییە بیرمەندەکان توێژینەوە و گەڕان بکەن یان پرسیار بکەن سەبارەت بە کێشەکانی مرۆڤایەتی بە مەبەستی چارەسەر کردنیان.

**داڕمانی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان**

فۆکۆیاما بە گریمانەیەکی سەرەکی دەست پێدەکات ئەویش بریتییە لە: شکستهینانی ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسیانەی سیفەتێکی جیهانی بە دەست ناهێنن، وەک ئایدۆلۆژیای چینی و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، هەروەها لە تێزەکەیدا گفوگۆ دەکات سەبارەت بە داڕمانی ئایدۆلۆژیای ئیشتراکی کە سیفەتێکی جیهانی وەرگرتبوو، ئەوەش تەوەری سەرەکیە لە تێزەکەیدا لە پاش

دارمانی هەموو ئایدۆلۆژیا لاوەکیەکانی دیکە، کە بە گوێرەی تێڕوانینی ئەو سیفەتێکی جیهانی وەرناگرن. جگە لەوەش لە تێزەکەیدا دژیەکی لە سیستمە حوکمڕانییەکاندا دەخاتەڕوو بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە سیستمی پاشایەتی و ئەرستۆکراتیەوە بۆ سیستمە فەرمانڕەواییە ئاینییەکان، تا دەگاتە سیستمە دیکتاتۆریەتەکان و شیوعیەکان. سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵی وەک تاکە سیستمێکی فەرمانڕەوایی دیاری دەکات لە کۆتایی مێژوودا کە بە جێگری ماوەتەوە هەتاوەکو کۆتایی سەدەی بیستەم، لەبەرئەوە ئایا فۆکۆیاما چۆن لێکدانەوە دەکات بۆ دارمانی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانی دیکە؟

فۆکۆیاما لێکدانەوە بۆ دارمانی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان دەکات و دەڵێت: «لە سەرانسەری جیهاندا کۆدەنگیەک هەیە، سەبارەت بە رەوایەتی دیموکراتیەت وەک سیستمێکی فەرمانرەوایی پاش ئەوەی ئایدۆلۆژیا رکابەرەکان توشی شکست هاتن وەک پاشایەتی میراتی، فاشی، شیوعیەت لەم ماوانەی دواییدا». فۆکۆیاما زۆر

بە ڕوونی ئەوە دەخاتە روو ئەو شەرعیەتەی دیموکراتی لیبڕاڵی بە دەستی هێناوە لەسەر ئاستێکی جیهانیدا لە دەرئەنجامی شکستهێنانی ئایدۆلۆژیا رکابەرەکانییەوە بە دەستی هێناوە، واتە لە پشت سەرکەوتنی دیموکراتی لیبڕاڵیەوە هێز و ئیرادەی باڵا دەستی و جەنگ هەیە، نەک لە دەرئەنجامی پێشکەوتنی مێژووی و سروشتی فیکری مرۆڤایەتیەوە، یان لە دەرئەنجامی بڕوای مرۆڤایەتی بێت بەوەی مێژوو بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، یان قانوونی بە ئاڕاستەی دیموکراتی لیبڕالی کۆتایی دێت. لە میانی روونکردنەوەی گریمانەکانی فۆکۆیاماوە دەرک بە رۆحی سەرکەوتن و هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت وەک نمونەیەکی جیهانی دیموکراتی لیبڕاڵی.

فۆکۆیاما بڕوای وایە ئیسلام بە سیفەتی ئایدۆلۆژیا بەو جۆرە دەردەکەوێت زۆر مایەی سەرنج راکێشان نەبێت لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی کە لە بنەڕەتدا شارستانییەتێکی ئیسلامیان هەیە، «ئەگەر ئیسلام بتوانێت سەرلەنوێ وەلائی ئەوانە بە دەستبهێنێتەوە، کە لێی هەڵگەڕاونەتەوە، ئەوە

بەر مەیل و ئارەزووی دڵی گەنجەکانی بەرلین، یان تۆکیۆ یان مۆسکۆ ناکەوێت سەرەڕای ئەوەی یەک بلیۆن خەڵک بڕوایان بە ئیسلام هێناوە «یان یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی جیهان» ، نەشیان توانیوە لەسەر ئاستێکی فیکری رووبەڕووی دیموکراتی لیبڕاڵی ببنەوە لەسەر زەویەکانی خۆیاندا». لە دیدی فۆکۆیاماوە ئاینی ئیسلام لەبەردەم شۆڕشێکی لیبڕاڵیدایە و وایدەبینێت کە جیهانی ئیسلامی لە ماوەیەکی دورو درێژدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیا لیبڕاڵیەکان، ئەوەش بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی مەترسی تونرەوی ئیسلامی دادەنێت لە پاڵ بەها رۆژئاواییە لیبڕاڵیەکان بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیە تەقلیدیکانەوە.

### فۆکۆیاما و ئامانجگەرایی مێژوو

فۆکۆیاما بڕوایوایە مێژوو ئامانجگەراییە، و بە ئاڕاستەی دیموکراتی لیبڕاڵی گەشەیکردووە. لە پێش شیکردنەوەی ئامانجی مێژوو لای فۆکۆیاما، دەبێت بزانین ئامانجگەرایی چیە؟ چۆن فۆکۆیاما لە تێزەکەیدا بە ئامانجی مێژوو گەشت؟

ئامانجگەرایی – Teleology: بریتییە لە تیۆریەک بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو ئەوەی لە سروشتدایە و هەموو ئەو چالاکیانەشی ئەنجام دەدرێت لە سروشتدا بۆ بە دەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوە، لەبەر ئەوە ئامانجگەرایی بریتییە لە زانستی ئامانجەکان، وایدادەنێت کە هۆکارێکی شاراوە لە پشت هەموو جۆرەکانی گۆڕانکاریەکانەوەیە، تەنانەت عەقڵانیترین هەڵسوکەوتی مرۆیی وا لێکدەدرێتەوە، کە لە ژێر کاریگەری ئامانجدایە، بە هەمان شێوە سروشتیش ملکەچە بۆ ئامانج، بە جۆرێک لە سروشتدا ئامانجەکان بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە تێیدا چێنراوە، بەڵام مرۆڤ بۆ خۆی بە شیوەیەکی هۆشیارانە ئامانجەکەی دیاری دەکات».

فۆکۆیاما لە ئامانجگەرایی زانستەوە دەستپێدەکات بۆ سەلماندنی ئامانجی مێژوو و پێشکەوتنی، هەتا دەگاتە دیموکراتی لیبڕاڵی «زانست و زانیاری بریتییە لە کلیلی ئامنجگەرایی مێژوو، بە تایبەتی کە زانیاریەکانمان سەبارەت بە گەردوون سروشتیە و دەکرێت زانست

بۆمانی دابینبکات، تاکە بوار کە هەموو خەڵکی کۆدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئامانجگەراییە و کەڵەکەبووە، بریتییە لە مەعریفە، یان زانستی سروشتی نـوێ». فۆکۆیاما ئامانجگەرایی زانست و ڕوودانی گۆڕانکاریە مێژوویەکان لە میانی دوو ئامرازەوە دەسەلمێنێت، ئەوانیش: پێشکەوتنی زانستی سروشتی، و پێشکەوتنی ئابوری.

**یەکەم: پێشکەوتنی زانستە سروشتیەکان:**

لـە سـەرەتـادا فـۆکـۆیـامـا بـەڵـگە لـەسـەر ئامانجگەرایی مێژوو دەهێنێتەوە لـە میانی زانسـتـەوە و چـەنـد لقێکی زانسـتـی مرۆیی لێدەردەهێنێت وەک هونەر و وێنەو هۆنراوە، لـەبـەرئـەوەی زانستە سروشتیەکان لەسەر دەستکەوتەکانی ڕابردوو بونیاد دەنرێن، «ئەو ڕاستیانەی لای ئیسحاق نیوتن ئامادەییان نەبوو ئەمڕۆ لای هەموو خوێندکارێکی زانکۆ زانـراوە، کە لـە بـواری فیزیادا دەخوێنێت، تەنها لەبەرئەوەی دوای نیوتن لە دایک بووە، لەبەرئەوە مەعریفەی زانستی نە خولیە و نە

عەفەویشە». لەمیانی ئەم گریمانەوە بەڵگە دەهێنێتەوە بەوەی بڵاوبوونەوەی زانست لە نێو گەلان و شارستانێتیەکاندا لە یەک کاتدا ئامانجگەراییە و جیهانیشە. چەند نمونەیەک لەسەر ململانێی سەربازی لە دونیای ئەمرۆماندا دەهێنیتەوە و دەڵێت: «مۆرکە جیهانییەکەی زانست بنچینەیەک دەڕەخسێنێت بۆ یەکخستنی هەموو مرۆڤایەتی بە رەچاوکردنی بڵاوبوونەوەی جەنگ و ململانێکان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوە لەمڕۆدا زانستە سروشتیەکان هێزێکی سەربازی فەراهەم دەکەن بۆ کۆمەڵگەکان هەتا توانای بەکارهێنان و بەرهەمهێنای تەکنەلۆژیایان هەبێت و بە تەواوترین شێوە بەکاریبهێنن». بۆیە جەنگ و تەکنەلۆژیای سەربازی لای فۆکۆیاما پاڵنەری بەهێزی دەوڵەتانە لە پێناوی زالکردنی عەقڵانییەت لە کۆمەڵگەکاندا و دامەزراندنی بناغەیەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوە لە سەرجەم دەوڵەت و شارستانێتیەکاندا.

بڵاوبوونەوەی زانست و تەکنەلۆژیا لە نێوان دەوڵەتان و شارستانێتیەکاندا لای

فۆکۆیاما واتای ئەوەیە، کە دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی سەروەری سیاسیان، بەوەش دەوڵەت ناچارە تەکنەلۆژیای دوژمن و ململانێکەرەکانی پەیڕەوبکات، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت، بە جۆرێک زیاتر کاریگەر بێت لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی، ئەوەش کەشێک دەخولقێنێت بۆ یەکێتی نەتەوەیی، بۆئەوەی دەوڵەت بتوانێت رووبەڕووی دوژمنەکانی ببێتەوەو کاربکات لەسەر تێکشکاندنی چەندین شێوەی جیاواز لە پەیوەندیە هەرێمی و خێزانی و ئاینییەکان، کە دەکرێت ببنە کۆسپ لە بەردەم رێگای ئەو یەکێتیە، و دەوڵەت بە ئاستێکی زانستی هەڵدەستێتەوە، لەپێناو دەرچواندنی پۆلێک تا بتوانێت تەکنەلۆژیا بەکاربهێنێت، بەوەش ماف دەبەخشێتە چینە هەژارەکان لە پێناو ئامادەکردنی هەموان لە هەر کاتێکدا دەوڵەت ویستی».

فۆکۆیاما ئەم شێوازە مێژوویە بەسەر هەموو دەوڵەتاندا دەسەپێنێت، چەند نمونەیەکی

مێژوویش لەسەر ئەوە دەهێنیتەوە، بەوەی جەنگەکانی سەدەی شانزە و پانزە بووە هۆی کۆتای پێهێنانی دەرەبەگایەتی، و پێکهێنانی ئیمپراتۆریتیەکان، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە دەرئەنجامی ململانێی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامدەدرێت.

**دووەم: پێشکەوتنی ئابوری:**

تەواوکاری جیهانی و رۆشتن بەرەو جیهانگیری هاوتایە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تیۆری ئابوری کە ژمارەیەکی زۆر شارەزا و راوێژکاری ئابوری لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووە، ئەوەشیان پیشکەشکردووە بە لێپرسراوانی ئیدارە سیاسی و ئابورییەکان لەسەر ئەو بنەمایەی ئەوە شێواز و رێگایەکی دروستە: «ئەویش «لیبرالیزمی نوێیە Neolibralism» گوتەزای سەرەکی ئەم تیۆریەش بریتییە لە: «ئەوەی بازاڕ رێکی دەخات بەرژەوەندیە، بەڵام تەداخولکردنی دەوڵەت خراپەیە». لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا زۆرینەی

حکومەتی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان ئەم لیبراڵیزمەیان کردە رێنیشاندەرێک بۆ بەرەو باشتربردنی سیاسەتی خۆیان، و روخانی یەکێتی سۆڤیەتیش پاڵنەرێکی زیاتر بوو بۆ ئەم بیر و باوەڕە، توانای ئەوەشی پێبەخشی ببێتە رەهەندێکی جیهانی.

پێشکەوتنە جیهانییە نوێیەکان بووە هۆی بەرەو پێشتر بردنی سەرمایەداری جیهانی، کە چەمکی «جیهانگیری» کۆی دەکردنەوە، ئەمەش بە هۆی مێژوویەکی دوور و درێژەوە پێشکەوتووە، و بە سەدەی حەڤدەهەم دەستپێدەکات لە شێوەی تیۆریە سیاسیەکاندا لەسەر دەستی «تۆماس هۆبز و جۆن لۆک» دا، پاشان لەسەر دەستی «ئادەم سمس» گواسترایەوە بۆ ئابوری کلاسیکی، و سەر لەنوێ و لە ئێستەدا لە شێوەی لیبراڵیزمی نوێ دەرکەوتوەتەوە.

بیروبۆچونە ئابوریەکانی فۆکۆیاما بە گوێرەی ئەم تیۆریە هاتووە، بڕوای وایە زانستەکان و پێشکەوتنە نوێیەکانی بە ئاڕاستەی گەشەی ئابوریدا رێکخراون، ئەم ئاڕاستەیەش

گەشەکردنی تەکنەلۆژی لەخۆ دەگرت و بە تێپەڕ بوونی کات پەیوەندیەکی بەتینی هەیە بە ڕێکخستنی کارەوە، هەروەها بەرەو پێشچونی تەکنەلۆژیەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک پەیوەندیەکان و چاکردنی ڕێگا و بان و بەرەو پێشبردنی کەشتی و بەندەرەکان و داهێنانی شەمەندەفەر ... بووە هۆی فراوانبوونی بازاڕ و زیاتر بوونی بەرهەم، ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی بازاڕی گەورە و دابەشکردنی کار بۆ دوورترین مەودا.

ئەم فراوانبوونە لە بازاڕەکان و لە بەرهەمدا لای فۆکۆیاما بووە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبونیادنانی کۆمەڵایەتیدا. ڕێکخستنێکی هۆشیارانە لە کاردا گۆڕانکاری چوارچێوە فراوان دەسەپێنێت لە بونیادنانی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش ئەوەیە کە کۆمەڵگە پیشەسازیەکان دەبێت مۆرکێکی شارستانیان هەبێت. فۆکۆیاما زۆر لەوە دوورتر دەڕوات لە نوێکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لە کۆمەڵگەدا و دەڵێت «گەشەی ئابوری و بازاڕی کار کاردەکەن لەسەر شڵەقاندنی قەوارە تائیفیە کۆمەڵایەتیە

تەقلیدیەکان، وەک هۆزەکان و خێڵەکان و خێزانە گەورەکان، ئەم قەوارانە پاشەکشە دەکەن و بەرەو کەمبوونەوە دەچن بە هۆی نەتوانینی خۆ ڕێکخستنی لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی بۆ توانا ئابوریەکان، و بوار فراواندەکات لەبەردەم چەندین شێوەی ڕێکخراوی نوێدا». لە لایەنی کرداریەوە ئەمە راستە، کاتێک لیبرالیزمی نوێ ڕێگە دەدات بە ئازادی گواستنەوە و جوڵەی دەستی کار، و تەکنەلۆژیاش کارێکی نوێی کردووە، بەڵام شێوە ڕێکخستنە نوێیەکان لە کۆمەڵگەدا نەگۆڕاوە، بەڵکو کەلێنەکە لە نێوان چینەکاندا زیاتربووە، واتە لە باشترین حاڵەتی لیبراڵیدا چینی بورژواز و کرێکار هەیە، و چینێکی ناوەند هەیە، کە ئەگەری هەیە زیاتر توش بێت بە مەترسیەکانی قەیرانە داراییەکان لە ڕۆژئاوادا.

پاش خستنە رووی هۆکارەکانی مێژوو فۆکۆیاما دەگاتە ئەوەی مێژووی ئامانجگەرایی لە میانی شێوازی زانست و تەکنەلۆژیاوە دەخرێتەروو، دەڵێت «کارێکی نەگونجاوە وێنای مێژوویەکی خولی راستەقینە بکەین، ئەگەر بێت و گریمانەی دیارنەمانی شارستانییەتێکی

دیاریکراو بکەین بە تەواوی بەبێ ئەوەی هیچ پاشماوەیەک لە شارستانێتی دوای خۆی بەجێبهێڵێت... بەوەش مێژوو بە هەموو پاشماوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانییەوە دەبێتە ئامانجگەرایی».

فۆکۆیاما بڕوایوایە تەکنۆلۆژیا و ڕێکخستنی کار دوو مەرجی پێویستن بۆ پیشەسازی، بە هەمان شێوە فراوانکردن و پێشکەوتنی شارەکانیش، پاشان ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانست و زانیاری، لەگەڵ ئەوەشدا فۆکۆیاما نکوڵی لەوەش ناکات کە چەند دەوڵەتێک هەن لە رووی ئابوریەوە گەشەیانکردوە نە سەرمایەدارین و نە دیموکراتین، وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، گەشەی ئابوری بەخۆوە بینی لە سیەکانی سەدەی پێشوودا لە سەردەمی ستالیندا، کە وڵاتی لە کشتوکاڵیەوە گۆڕی بۆ پیشەسازی.

## زانستە نوێیەکان و دیموکراتی

فۆکۆیاما ئەوەی یەکلاکردوەتەوە زانستە سروشتیەکان ئارەزوویەک دروستدەکەن بەرەو سەرمایەداری و ئابوری بازاڕ،

بڕوایوایە پەیوەندیەکی بەتین هەیە لە نێوان گەشەی ئابوری و ئاستی زانست و زانیاری و دیموکراتیدا، «پەیوەندی نێوان گەشەی ئابوری و دیموکراتی زۆر لەوە دورترە کە تەنها رێکەوت بێت».

ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی لە چاکسازی ئابوری دەکەن گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیاندا هاتووە لە میانی گۆڕانی کۆمەڵگەکە لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی، بەو هۆیەشەوە شارەکان فراوان دەبن و رێژەی خوێندەواری زیاددەکات و هەروەها داهاتی تاکەکەس بەرز دەبێتەوە، فۆکۆیاما چەندین نمونە بە شارەکانی جیهان دەهێنێتەوە کە گەشەی ئابوری تێیاندا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیموکراتی. ئیسپانیا لە پاش فەرمانڕەوایی فرانکۆ کاریکرد لەسەر چاکسازی ئابوری ئەوەش بووە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و دیموکراتی لەو کۆمەڵگەیەدا و لە دەرئەنجامیشدا بە پارتی سیاسی و ئازادی ئاشنابوو، وڵاتێکی وەک یابان کە دیموکراتیەتی لە رێگەی هێزەوە بەسەردا سەپێنرا، تا ئاستێک

دیموکراتیەتی تێپەڕاندووە ناکرێت بوترێت لە ڕێگەی هێزەوە بەسەریدا سەپێنراوە، هەمان حاڵەتیش سەبارەت بە کۆریای باشور و تایوان ڕاستە.

فۆکۆیاما جەخت لەوە دەکاتەوە ئابوری و گەشە پەیوەندیان بە دیموکراتیەتێکی جێگیرەوە هەیە لە دەوڵەتدا، ژمارەیەکی کەم دەوڵەتی دەوڵەمەند هەیە دیموکراتی لیبڕاڵی تێدا نەبێت، ئەگەر چەند دەوڵەتێکی هەژاری وەک هیندستان و کۆستاریکا نمونەیەکی سەرکەوتووی دیموکراتی بخەنەڕوو، بەڵام زۆربەی دەوڵەتان کە لە نێو دەوڵەتە دەوڵەمەندەکاندا پۆلێن ناکرێن بریتین لەو دوەڵەتانەی دیموکراتی نین. فۆکۆیاما سێ بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی پیشەسازیەکی پێشکەوتوو دەبێتە هۆی هێنانەکایەی دیموکراتی:

1. فەرمانی دیموکراتی: تەنها دیموکراتیە دەتوانێت سەرکەتووبێت لە بەیەکگەیاندنی بەرژەوەندیە دژ بەیەکەکان ،کە لە سروشتێکی ئابوریەوە دروست دەبن، لە حاڵەتی پیشەسازیدا چینە کرێکارییەکان لە

بواره جیاوازه پیشەسازی و پیشەییەکاندا دەردەکەون، هەروەها پۆستی ئیداری جیاواز و سەرمایەداری جیا جیا سەرهەڵدەدەن، بەهەمان شێوە ئەو کۆچبەرانە دەردەکەون ،کە هەوڵدەدەن سود لە بازاڕی کار وەربگرن، ئا لێرەدا کار و فەرمانی دیموکراتی دێتە بوون و تواناکنی خۆی دەسەلمێنێت، لەبەرئەوەی میانڕەوە و ڕێگە بە هەموان دەدات تەعبیر لە خۆیان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا فۆکۆیاما نکوڵی لە ڕۆڵی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان ناکات بەوەی بڕیارە ئابوریەکانیان خێراترە لە بڕیارەکانی دیموکراتی، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام نابێت بە تایبەتی لە سیستمە دیکتاتۆریەکاندا کە بەبێ هۆشیاریەکی تەواو بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی وڵات کاردەکەن، بەڵکو لە پێناو نوخبەیەکی دەسەڵاتداردا کار دەکان و بڕیارەکان دەردەکرێت.

2. ئابوری و گۆڕانکاری دیموکراتی: گەشەی ئابوری دەبێتە هۆی دیموکراتی، لەبەر ئەوە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان یان سیستمی تاک حیزبی کاتێک فەرمانڕەوایەتی گەلێکی پێشکەوتوو

دەکەن لە رووی زانست و تەکنۆلۆژیاوە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە دیکتاتۆری.

3. بەرەو پێشچوونی ئابوری و گۆڕنکاری لیبراڵی: پیشەسازیەکی سەرکەوتوو و پێشکەوتنی ئابوری رێگە بە چینی ناوەند دەدات هەتاوەکو بەشدار بێت لە ژیانی سیاسی ، هەروەها دەسەبەرکردنی یەکسانی بۆ هەموو چین و توێژەکان سەرەڕای جیاوازیەکی زۆر لە داهاتی تاکەکەسیدا، لەبەرئەوەی پێشکەوتنی ئابوری دەستی کار و زۆر و خوێنەواری دەوێت، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی پاڵنەری ئەم چینە، بۆئەوەی داوای مافی خۆی بکات و بەشداربێت لە ژیانی سیاسیدا.

فۆکۆیاما بەوە کۆتایی پێدەهێنێت، کە مێژووی ئامانجگەرایی و جیهانی تەنها لە شارستانێتی رۆژئاوادا کورتنابێتەوە، وەک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەسەردەمی ئێستاماندا ئەزمونە مرۆییەکان بە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێن، بەڵکو زۆر لەوە دوورتریش دەڕوات کاتێک پێشکەوتنی زانستی و ئەزمونە مرۆیەکان بەسەر ئابوریدا جێبەجێدەکات بە جۆرێک هەموو جیهان بە یەک شارستانی دادەنێت کە لە ئابوریەکی بە جیهانی کراودا خۆی دەنوێنێت.

## دووەم: کۆتایی ئایدۆلۆژیا

فۆکۆیاما دەپرسێت ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی لە توانایدا هەبێت بۆ هەمیشە بەردەوام بێت، ئایا بە ئامانجی خۆی دەگات؟ ئایا هیچ دژیەکیەک هەیە لە سیستمی کۆمەڵایەتی دیموکراتی لیبڕاڵی نوێدا؟ یان مێژوو لە سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵی ئێستادا بە کۆتایی گەشتووە؟ فۆکۆیاما وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، لە میانی گەڕانەوە بۆ مێژووی فیکری سیاسی، بە تایبەتی لای هەر یەکە لە هیگڵ و مارکس و شیکردنەوەی تێڕوانینەکانیان بۆ مێژوو.

## کۆتایی مێژوو چارەسەری ناکۆکیەکان

پێکهاتەی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر شارستانێتیەکدا ناکۆکی ناوخۆیی لە خۆ دەگرێت، کە بە پێی تیپەڕبوونی کات دەبێتە هۆکاری شلەژاندنی ئەو ڕێکخستنە و دروستکردنی ریکخستنێکی دیکەی زیاتر سەرکەوتو لە جێگەیدا کە ئەوەی دوایشیان دیسانەوە ناکۆکی لە خۆدەگرێت، ئەمەش بریتییە لە دیالێکتیکی هیگڵی. فۆکۆیاما

توێژینەوە لەم دیالێکتیکیە دەکات و دەپرسێت: ئایا ئەم ناکۆکیانە کۆتاییان پێهاتووە و مێژوو گەیتشتووەتە کۆتایی؟ فۆکۆیاما جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵی گەیشتوەتە کۆتایی لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هەموو ناکۆکیەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا.

هەبوونی ناکۆکی ناوخۆیی لە کۆمەڵگەدا لای فۆکۆیاما واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نیگەرانییەکی کۆمەڵایەتی هەیە و دەبێتە هۆکاری دارمانی سیستمە دیموکراتیەکە، گرفتە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا دوور دەخاتەوە، وەک، هەڵئاوسان، تاوان و مادە هۆشبەرەکان، لەبەر ئەوەی ئەم کێشانە نەبنە هۆی دروستبوونی ناکۆکی و ململانێ تەنها لە کاتی مەترسی چارەسەر کردنیدا نەبێت لە چوارچێوەی سیستمە فەرمانڕەواکەدا، لەبەرئەوەی ناکۆکی واتا لەقبوونی شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتەی فەرمانڕەوایە، کە ناتوانێت ئەو دژیەکیە لە جوارچێوەی ئێستایدا چارەسەربکات. فۆکۆیاما لە شیکردنەوەیدا بۆ چینەکانی کۆمەڵگە جیاوازە، بۆ جۆرێک مارکس بڕوای وایە کە هەژاری پرۆلیتاریای

دوورخراوە ململانێیەکە، بە جۆرێک دەبێتە هۆی دروستکردنی دۆخێکی شۆڕشگێڕی وەها وەک گێژەڵوکەیەک دەدات لە بونیادی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و بونیادێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام فۆکۆیاما پێچەوانەی ئەوە بیردەکاتەوە  و بڕوای وایە کە هەژاری پرۆلیتاریا کێشەیە نەک ناکۆکی یان ململانێ، بەڵکو دەگاتە ئەو بیروباوەڕەش کە مێژوو گەشتووە بە کۆتایی، بە جۆرێک ئەو شێوە ڕێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی لە ئێستەدا هەیە، هەموو مرۆڤایەتی پێیرەزامەندە، واتە گرفتی هەژاری لای پرۆلیتاریا چارەسەر بووە و چینی کرێکار رازیە بەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی تیایدایە لە ژێر سیستمێکی دیموکراتی لیبڕاڵیدا.

### تێکۆشان لە پێناو بە دەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا

فۆکۆیاما دان بەوەدا دەنێت، بە تەنها ئابوری ناگاتە دیموکراتی، بەڵکو چەندین دەوڵەت هەیە گەیشتونەتە خۆشگوزەرانی و گەشەی ئابوریان کردوە بە بێ هیچ ئازادیەک، هەروەها شۆڕشە

لیبرالّیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا لە سەدەی هەژدەدا ئامانجەکەیان ئامانجێکی ئابوری رووت نەبووە. پێشکەوتنی زانستی و ئابوری بە تەنها بەس نین بۆ شیکردنەوەی مێژوو، لەبەر ئەوە فۆکۆیاما جەختدەکاتەوە لەسەر بڕیاردان لە ئازادبوون لە کۆت و بەندەکان و کە کۆمەڵگە ئارەزووی دەکات لە میانی « بە دەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا»، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ عەقڵ لای هیگڵ بە مەبەستی شیکردنەوەی پێشکەوتنی مێژووی، لە بری شیکردنەوەی مادی کە پشتی پێبەستووە لە شیکردنەوەی پێشکەوتنی زانستی و ئابوریدا.

فۆکۆیاما چەمکەکەی سەبارەت بە ئارەزوبوون لە بە دەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا شیدەکاتەوە لە میانی گەڕانەوە بۆ مێژوو و بنچینە ئیغریقیەکەی چەمکەکە لای ئەفلاتون « ئارەزوبوون لە بە دەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا چەمکێکی رۆژئاواییە، بەتایبەتی کاتێک بەو جۆرە باسکراوە کە بزوێنەری یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتیە، جگە لەوەی ئێمە هەرگیز بەو جۆرە لە ژیانی

سیاسی نارِوانین، کە تێکۆشانە لەپێناو بە دەستهێنانی دانپێداناندا، بۆیە ئێمە بڕوامانوایە سیاسەت کێبڕکێیە لەسەر دەسەڵات و ململانێیە، لە پێناو سەروەت و ساماندا، لەبەرئەوەیە، ئەوە هیگڵ نییە کە چەمکەکەی داهێنابێت، بەڵکو زۆر کۆنە تەنانەت لە خودی فەلسەفەی رۆژئاواش کۆنترە، فۆکۆیاما ئاماژە بە لایەنێکی باو و ناسراو دەکات لە کەسایەتی مرۆڤدا، جگە لەوەی تاکە وشەیەک نەبووە کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا بەکارهێنرابێت بۆ ئاماژە دان بە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی لەپێناو بە دەستهێنانی دانپێداناندا. ئەفلاتون لەسەر سیموس قسە دەکات، ماکیاڤیلی لەسەر تینوێتی مرۆڤ بۆ شکۆمەندی دەدوێت، هەروەها هۆبز باس لە لەخۆبایی بوونی مرۆڤ دەکات و رۆسۆش لەسەر خۆپەرستی قسە دەکات.

فۆکۆیاما وا دادەنێت شکستی شیکردنەوەی ئابوری دەمانگێڕێتەوە بۆ هیگڵ نەک مارکس، لەبەرئەوەی هیگڵ بە تەواوی بە شێوەیەکی نا ئابوریانە باس لە پرۆسەی مێژوو دەکات، هەر وەک چۆن لێرەدا فۆکۆیاما پشت دەبەستێت بە شیکردنەوەی ئەلێکسەندەر کۆجیف بۆ

فەلسەفەی هیگڵ سەبارەت بە مرۆڤی یەکەم، کۆجیف سەبارەت بە فەلسەفەکەی هیگڵ دەڵێت: «هیگڵ هەلێکمان پێدەدات، بۆئەوەی جارێکی دیکە بیر لە دیموکراتی لیبڕاڵی نوێ بکەینەوە بە دەربڕینی جیاوازتر لەو دەربڕینانەی ناوەندە ئەنگلۆ سەکسۆنییەکە لەسەری راهاتوون و لە «هۆبز و لۆکدا» خۆی نمایشدەکات. هیگڵ بە پێچەوانەی هۆبز و لۆکەوە تێگەشتنێکمان پێدەبەخشێت سەبارەت بە کۆمەڵگەی لیبڕاڵی کە لەسەر لایەنێک وەستاوە لە کەسایەتی مرۆڤدا خۆپەرستی تێدا نەبێت». فۆکۆیاما بڕوای وایە جیاوازی بنەڕەتی لە نیوان هیگڵ و مارکسدا لە جیاوازی هەڵوێستیاندا دەردەکەوێت سەبارەت بە مرۆڤی سەرەتا، مارکس بڕوای وایە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەرەتا دابەش دەبێت بۆ چەند چینێک لەسەر بنەمای فاکتەری ئابوری، خاوەن زەوی و جوتیار هەیە، لەکاتێکدا هیگڵ ئەو کۆمەڵگەیە دابەش دەکات لەسەر بنەمای هەڵوێست سەبارەت بە مردن و ژیان خستنە مەترسیەوە لە پێناو بەدەستهێنانی دانپێدا ناندا. فۆکۆیاماش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ لە پێشکەوتنە مێژوویەکەیدا بە شوێن بە دەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا گەڕاوە، و بزوێنەری یەکەمی

مێژووی مرۆڤایەتی  بریتییە لە ئارەزوبوون لە بەدەستهێنانی دانپێدانان و شکۆمەندیدا.

فۆکۆیاما چەند نمونەیەک بۆ حالەتی سیمۆس دەهێنێتەوە لە دەوڵەت ئیشتراکیەکاندا و دەڵێت: «ئارەزوو بۆ دانپێدانان رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە سەرهەڵدانی شۆڕشەکان لە دژی شیوعیەت، راستە زۆرێک لە دانیشتوانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەیانویست کۆتای بهێنرێت بە سیستمی شوعی نەک تەنها لە بەر هۆکارە ئابوریەکان، جگە لەوەی ئارەزوبوون بۆ ژیانێکی باشتر لە رووی ئابوریەوە هاوتا بوو لەگەڵ داواکردنی مافە دیموکراتیەکان و بەشداری سیاسی بەو واتایەی تا رادەیەک ئامانج بووە. مرۆڤ ژیانی دەخاتە مەترسیەوە و بەشداری جەنگ دەکات، لەپێناو ئەوەی وەک مرۆڤێکی ئازاد دانپێدا بنرێت، ئەو پەیوەندیەی نێوان خاوەن کۆیلە و کۆیلە لای فۆکۆیاما خاڵی کۆتایی قۆناغی یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتیە، «حاڵەتی جەنگی نێوان خاوەن کۆیلە و کۆیلە کە هیچ لایەکیان بەوە رازی نەبوون، و هیچیشیان ئارەزوەکانیان پێتێر نەبووە، ئەمەش بێتواناییانە و خۆی دەنوێنێت لە «ململانێی کۆمەڵگە» و

له کۆتایشدا به پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و به دەستهێنانی دانپێدانان و چارەسەری ناکۆکیەکان کۆتایی هات».

**به دەستهێنانی دانپێدانان له کۆتایی مێژوودا**

فۆکۆیاما ژیانی مرۆڤی کۆتایی دەخاته روو، هەروەها دۆخی ململانێی ئەم مرۆڤه شیدەکاتەوه هەر وەک چۆن هیگڵ –کۆجیف خستویانەتەڕوو، ئـەم ململانێیەش لـه پێناوی بەدەستهێنانی دانپێدانان به ریز و شکۆمەندی کۆیله بووه له لایـەن خاوەنەکەیەوه، بـەڵام له ژیانی مرۆڤی کۆتایی له کۆتایی مێژوودا، فۆکۆیاما دانبەوەدا دەنێت کاتێک مـرۆڤ هەستدەکات به بەهای خۆی وەک مرۆڤێک، و دانپیانانی ئەوانی دیکەی بەدەستهێنا، «بابەتی کۆتایی مێژوو بریتی دەبێت له بابەتی داهاتوی سیمۆس».

فۆکۆیاما پشت دەبەستێت به شیکردنەوەکانی هیگڵ – کۆجیف لـه کۆتایی مـێژوودا، و به سەرچاوەیەکی سەرەکی داناوه، له تێزەکەیدا بۆئەوەی بەڵگه بهێنێتەوه لەسەر کۆتایی مێژوو و دەرکەوتنی مرۆڤی کۆتایی، فۆکۆیاما وێنەی مرۆڤی کۆتایی دەکـات بـەوەی، که مرۆڤیکه

له کۆمەڵگە دیموکراتیە لیبڕاڵیەکاندا دەژی، و دانپێدانانی گشتی لە لایەن دەوڵەتەوە بە دەستهێناوە.

فۆکۆیاما دانبەوەدا دەنێت، کە چەند بەرەنگاریەک رووبەڕووی دیموکراتی لیبڕاڵی دەبێتەوە کە لەسەر وێنەیەکی دیکەی سیمۆس وەستاوە و دەکرێت ببێتە هۆی هێنانە کایەی دۆخی نا یەکسانی. «لە راستیدا دیموکراتی لیبڕاڵی لە دوور مەودا دا لە ناوخۆوە تێک دەچێت ئەویش بەهۆی زیادەرەوی کردن لە «میجالۆسیمیا» دا یان زیادەڕەوی کردن لە «ئیسۆسیمیا» دا.

لە راستیدا تاک تێدەکۆشێت بە مەبەستی بە دەستهێانی دانپێدانان کە لە کۆتاییدا دەمان گەیەنێتە مرۆڤی کۆتایی، بەڵام کۆمەڵگە کە هەوڵدەدات لە پێناو ئارەزوی بە دەستهێنانی دانپێدانانی تەواودا «ئیسۆسیمیا» لە دەرئەنجامدا دەروخێت (سەرناکەوێت) لە بەرئەوەی ئەم ئارەزووە سەرکێشانەیە لە دانپێداناندا بەر سنورەکانی سروشت دەکەوێت، هەروەها تاک لە کۆمەڵگەدا چاو دەبڕێتە دشنپێدانان بە باڵا دەستی

خۆیدا بەسەر ئەوانی دیکەدا «میجالۆسیمیا» لە ژێر سێبەری دیموکراتیەتێکی لیبڕاڵیدا.

**سێهەم: فەلسەفەی کۆتایی مێژوو**

فۆکۆیاما پێشبینی کۆتایی مێژوو و کەووتنی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان دەکات، هەروەها پێشنینی ئەوەش دەکات کە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە سەر لە نوێ بیرۆکەی سیاسی نوێ دابڕێژێتەوە بۆ ژیانی خۆی لە ژێر سێبەری دیموکراتی لیبڕاڵیدا، فۆکۆیاما سروشت و شێوەی مرۆڤ دیاریدەکات لە کۆتای مێژوودا، ئەوەش تێپەڕاندنی دەلالەتی لیبڕاڵیە بۆ مێژوو و دەگاتە دوای مێژوو و بە پاش مێژوو باسی دەکات. ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کۆمەڵگەی لیببڕاڵی توانیویەتی هەموو ناکۆکیەکان چارەسەری بکات لە نێو چینەکاندا ، هەروەها تاک دانپێدانان بە دەستدەهێنێت و ڕێزی لێدەگیرێت لە کۆمەڵگەدا لە میانی سیستمێکی فەرمانڕەوایی دیموکراتی و دامەزراوەکانی، فۆکۆیاما سیفەتەکانی مرۆڤ دیاریدەکات لە کۆتایی مێژوودا لە میانی ژیانی لە دەوڵەتدا، هەروەها پەیوەندی نێوان دەوڵەتان

دیاریدەکات، لەگەڵ ئازادی مرۆڤدا کە لەدەوڵەتی کۆتایی مێژوودا پێی گەشتووە.

**ئازادی و یەکسانییەکان لە کۆتایی مێژوودا**

مـێـژوو لـە پێشکـەوتنی بـەردەوامـدایـە، فۆکۆیاما دەپرسێت «ئایا دەکرێت مێژووی جیهانی بنوسینەوە؟»، هەر خۆشی بە بەڵێ وەڵامدەداتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی مێژووی ئامانجگەرایی و پێشکەوتنەکانی مرۆڤی بەرەو پێشەوە بـردووە، ئـەو پێشکەوتنەش بـەرەو دیموکراتی رۆشتووە، ئەوەش بە هۆی بنەما و تایبەتمەندیەکانی دیموکراتی لیبڕاڵیەوەیە، کە بریتییە لە ئازادی و یەکسانی.

فۆکۆیاما لە میانی دوو ریگەی مێژووی هاوتاوە مێژووی جیهان دەنوسێتەوە، یەکەم: پێشکەوتنی زانستی سروشتی نوێ «ئارەزو»، دووەم: ململانێ لە پێناو بە دەستهێنانی دانپێدانانـدا «سیمۆس». جەخت لە کۆتایی مێژوو دەکاتەوە و دەڵـێـت: «خۆشبەختانە کـۆتـایـی هـەردوو ریگاکە یەکە، ئایا ئەوەش دیموکراتی لیبڕاڵی سەرمایەداری نییە». یەکسانییە سیاسیەکان

لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا لە رێگەی دەستور و مومارەسەکردنی چالاکیە دیموکراتیەکانەوە دەسەبەرکراوە، بەڵام سەبارەت بە ئازادیە ئابورییەکان ئەوە لە بابەتە ئاڵۆزەکانە لەو کۆمەڵگانەدا ئەویش بەهۆی چاوچنۆکی و وەحشیگەری سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوەیە.

فۆکۆیاما هەوڵدەدات کێشەی یەکسانی ئابوری پەراوێزبخات، و دەڵێت «دینامیکیەتی ئابوریە سەرمایەداریەکان بەو ئاڕاستەیە دەڕوات، کە بۆ کۆمەڵێک بەربەستی تەقلیدی و رۆشنبیری کۆتایی پێبهێنرێت، لەپێناو یەکسانیدا لە رێگەی گۆڕانکاریەکی بەردەوامەوە لە داواکردنی بۆ دەستی کار. ئەگەر ئەوەی فۆکۆیاما دەیخاتە روو راست بێت بۆچی لە ئێستەدا رێژەی بێکاری بەرزە لە دەوڵەتە لیبڕاڵیەکاندا؟ ئەگەر یەکسانی ئابوری لە کۆمەلگە لیبڕاڵیەکاندا وەک یەکە، ئەوە رێژەی بێکاری هێندە بەرزنەدەبوو، وە جیاواز دەبوو لەو کۆمەڵگەیانەدا، بە تایبەتی لە کاتی قەیرانی دارایی جیهانیدا.

لەسەر رۆشنایی شیکردنەوەکانی بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی، فۆکۆیاما دانبەوەدادەنێت، کە کۆمەڵگە لیبراڵیەکان لە پاشماوە کۆمەڵایەتیەکانیدا یەکسانییەکی باڵای تێدایە بۆ هەموو تاکەکانی لە میانی چالاکیە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە، تەماشای توانا و شارەزاییەکان دەکات، نەک پلە و پۆست، کۆمەڵگە دیموکراتیەکان چالاکی بازرگانی و پیشەسازی ڕێکدخەن، بۆئەوەی سەرلەنوێ داهات لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکاندا. «لەمڕۆدا کۆمەڵێکی کەم نەبێت لە ڕەخنەگرانی کۆمەڵگەی لیبڕاڵی کەس نەماوەتەوە، کە ئامادە بن بۆ داواکردنی وازهێنانێکی تەواوەتی لە بنەما لیبڕاڵیەکان، جا لە بواری سیاسیدا بێت، یاخود ئابوری، ئەوەش لە پێناو سەرکەوتن بەسەر نایەکسانی لە بواری ئابوریدا».

فۆکۆیاما بەڵگەیەکی دیکە دەهێنێتەوە لەسەر یەکسانی لە کۆمەڵگە لیبڕاڵیەکاندا و دەڵێت: «خۆشەویستی بۆ یەکسانی لە دەوڵەتە دیموکراتیەکاندا سۆزێکی قووڵتر و جێگرتری هەیە لە خۆشویستنی ئازادی، بۆیە دەکرێت ئازادی بە دەستبهێنرێت بە بێ دیموکراتی، بەڵام یەکسانی تەنها تایبەتە بە سەردەمە دیموکراتیەکانەوە.

## دەوڵەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە کۆتایی مێژوودا

فۆکۆیاما لە کۆتایی تێزەکەیدا شێوەی دەوڵەت و سیستمی فەرمانڕەوایی دەخاتەڕوو، کە پێیگەشتووە لە ڕێگەی مێژووی ئامانجگەراییەوە، پاشان شێوەی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان لە نێوان دەوڵەتاندا لە کۆتایی مێژوودا دەخاتەڕوو، وێنایەک بۆ ئەو پەیوەندیە لە نێوان دەوڵەتاندا دادەنێت، لە پاش دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە دەوڵەتدا و بەدەستهێنانی دانپێدانانێکی بەرابەری.

## دەوڵەت لە کۆتایی مێژوودا

فۆکۆیاما بەم جۆرە تەماشای دەوڵەت دەکات و دەڵێت «دەوڵەتی گشتگیر و فرە رەگەز، کە لە کۆتایی مێژوودا دەرکەوت، بەو واتایەی لەسەر دوو بنەما وەستاوە: ئابوری و دانپێدانان» پشتی بەستووە بە سیستمێکی سیاسی لیبرالّی، کە بە درێژای مێژووەکەی بەراورد بە تیۆرە سیاسیەکانی دیکە و بە بەردەوامی ماوەتەوە.

## پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان
## لە کۆتایی مێژوودا

فەلسەفەی فۆکۆیاما جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مێژووی ئامانجگەرایی و پێشکەوتنە کۆتاییەکەی دەمان گەیەنێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەم دەوڵەتە فرە رەگەزە کە هەموو تاکەکانی دانپێدانانی گشتی و بەرابەریان بەدەستهێناوە، دەرئەنجامەکانی ئاوەژو دەبنەوە لەسەر پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان لە سیستمی جیهانیدا، «ئەگەر بەدیهێنانی دەوڵەتێکی گشتگیر و فرە رەگەز بە واتای دانپێدانانێکی عەقڵانی بێت لەسەر ئاستی تاکەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا... بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە لە دەوڵەت لە سیستمی جیهانیدا بۆ دەوڵەتان دیسانەوە بە واتای کۆتای هاتنی پەیوەندی کۆیلەیە بە گەورەکەیە، واتە کۆتای ئیمپریالیزم، و ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگەکانیش بە هۆی ئیمپریالیزمەوە کەم دەبێتەوە».

هەروەها فۆکۆیاما رەخنە لە بیردۆزی ریالیزم دەگرێت، کە چوارچێوەیەکی زاڵ دادەنێت بۆ تێگەشتنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیە نوێیەکان، بیردۆزەکە رەفزدەکاتەوە لەبەر ئەوەی لە

روانگەی فۆکۆیاماوە جیهان شێوەیەکی دوو لایەنی وەرگرتووە. لیبڕاڵیزم هەوڵدەدات بنەما و بەهاکانی بەسەر هەموو جیهاندا گشتگیر بکات، فۆکۆیاماش لە میانی تێزەکەیەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو نموونە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەهێنێتەوە و لەهەموو دەوڵەتانی جیهان گشتگیریدەکات، کاتێک گشتاندن بۆ ئەم دەوڵەتە دەکات، ئەو کات هەموو دەوڵەتانی جیهان دەبنە دەوڵەتێکی عەقڵانی فرە رەگەز، لەبەرئەوە بانگەشە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بنەما و بەهاکانی دیموکراتی لیبڕاڵی لە سەرانسەری جیهاندا.

## فۆکۆیاما و دابەشکردنی جیهان

فۆکۆیاما جیهانی بۆ دوو بەش دابەشکردووە، یەکەم: جیهانی پاش مێژوو، بریتییە لەو دەوڵەتانەی کە سیستمە سیاسیەکەیان دیموکراتی لیبڕاڵیە، دووەم: دەوڵەتانی مێژووە، ئەوانیش ئەو دەوڵەتانەن کە کۆتای مێژوویان تێنەپەڕاندووە وسیستمی سیاسی دیموکراتی لیبڕاڵی جێبەجێناکەن. فۆکۆیاما بڕوایوایە کە

دیموکراتی لیبڕاڵی لوتکەی بەرز بوونەوەیە بە ئاڕاستەی کۆتایی مێژوو، ئەو سیستمە هیچ جۆرە ناکۆکیەک لە خۆی ناگرێت، کە بووەتە هۆی شکست پێهێنانی سیستمە سیاسیەکانی دیکە، لەبەرئەوە دیموکراتی لیبڕاڵی هیچ کاتێک ئامادەیی تێدا نییە بۆ شکستهێنان وەک ئایدۆلۆژیا شکستخواردوەکانی پێش خۆی.

«سیاسەتی هێز هێشتا باڵادەستە لە نێو ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی لە سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵی ناکەن، دواکەوتنی ڕێژەیی لە گەشتن بە پیشەسازی و نەتەوەیی لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، دەبێتە هۆی جیاوازیەکی جدی و مەترسیدار لە نێو سلوکی زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم لە لایەک، لە نێو سلوکی دیموکراتیانەی پیشەسازیانە لە لایەکی دیکەوە. لە داهاتوویەکی بینراودا جیهان دابەشدەبێت بۆ بەشێک کە مێژووی تێپەڕاندووە و بەشێکیش کە هێشتا لە مێژوودا نغرۆ بوون». فۆکۆیاما دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ململانێکان و جەنگەکان لە جیهانی سێهەمدا دەبن، لەبەر ئەوەی ئەم

جیهانە هێشتا لە مێژوودا خۆیان دەگەوزێنن، ململانێکەش لە نێو دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا کە مێژوویان تێپەڕاندووە ململانێیەکی ئابوریانە دەبێت، بەڵام ناوچەی ئارام ئەوەیە کە شوێن پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتە دیموکراتیە لیبڕاڵەکان دەکەوێت».

فۆکۆیاما بەم دەربڕینە تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە کۆتایی مێژوو دەخاتەڕوو «مرۆڤایەتی وەک کاروانێکی درێژی گالیسکەی هاوشێوە وایە، هەندێک لە گالیسکەکان بە ئاڕاستەی شارەکە دەڕۆن بە جوڵەیەکی تیژ و سەرسوڕهێنەر، هەندێکی دیکەیان بەرەو بیابانەکە دەگەڕێنەوە، تایەی هەندێکیان لەکاتی سەرکەوتنیان بە شاخەکەدا لە کار دەکەوێت، گالیسکەیەک یان دوان لە گەشتەکەدا ماندوو دەبن و سەرنشینەکانیان بڕیاردەدەن بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر ڕێگەکاندا کامپ دروست دەکەن و تێیدا نیشتەجێبن. هەندێکی دیکەیان چەند ڕێگەیەکی دیکە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی بگەنەوە سەر ڕێگە سەرەکیەکە، سەرەڕای ئەوەی ئەوان دەرک بەوە دەکەن لە

پێناو گەیشتن بە زنجیرەی کۆتایی شاخەکە پێویست بوو هەمان تونێل بەکاربهێنن، کە ئەوانی دیکە بەکاریانهێنا. جگە لەوەی زۆرینەی زۆری گالیسکەکان بە شێوەیەکی هێواش گەشتەکەیان دەکەن بە ئاڕاستەی شارەکە، و لە کۆتایشدا زۆرینەیان دەگەن بە شارەکە».

ئەو شارەی کە مرۆڤایەتی پێیدەگات بریتییە لە دەوڵەتێکی گشتگیری فرە رەگەز، کە خۆی لە کۆتایی مێژوودا دەبینێتەوە، و زۆرینەی دەوڵەتان سەرەڕای دواکەوتنیان بەرەو شارەکە دەکەونەڕێ، و جگە لە تاکە رێگەیەک هیچ رێگەیەکی دیکە نادۆزنەوە، بە واتایەکی دیکە تاکە سیستمێکی سیاسی هەیە کە بە باشترین سیستمی سیاسی دادەنرێت ئەویش «سیستمی دیموکراتی لیبڕاڵیە» کە دەمان گەیەنێتە کۆتایی مێژوو. بەم دەربڕینە فۆکۆیاما تێزەکەی سەبارەت بە کۆتایی مێژوو کۆتایی پێدەهێنێت. لەسەر دەوڵەتانیش پێویستە پەیڕەوی بکەن، هەتاوەکو بگەنە کۆتایی مێژوو، و مرۆڤی کۆتایش دەردەکەوێت کە لەو دەوڵەتەدا دەژی.

فۆكۆياما جەخت لەوە دەكاتەوە، لەمڕۆدا ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا باشترین سیستمی سیاسی هەیە، بە نمونەیەكی دادەنێت كە دەبێت هەموو دەوڵەتانی جیهان ئەو سیستمە پەیڕەو بكەن، فۆكۆياما سورە لەسەر بڵاوكردنەوەی دیموكراتیەتی ئەمریكی لە جیهاندا، لە كاتێكدا بڕوای وایە كە هەموو دەوڵەتانی جیهان بەشێوەیەكی تەدریجی دەگۆڕێن و دەچنە نێو جیهانی پاش مێژووەوە لە ڕێگەی گۆڕانی سیستمی فەرمانڕەوایەتیەكەیانەوە بۆ دیموكراتی لیبڕاڵی.

**سەرچاوە:**

-اطروحات فوكوياما و هانتنگتون و النظام العالمی الجدید

-دراسە تحلیلیە مقارنە یەحیا سەعید قاعود. 2016

# ئەمریكای ترەمپ و
# نەزمی نوێی جیهانی

وەرگێڕانی: ئالان ڕەشید

ئەو شکستەی کە دۆنالد ترەمپ بەسەر «هیلاری کلینتۆن»ی کێبەرکێکاریدا هێنای، خاڵێکی وەرچەرخانە لە دووڕێیانێکدا، نەک تەنیا بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵکو بۆ هەموو نەزمی جیهانییش. وا دەردەکەوێت ئێمە دەچینە سەردەمێکی نوێی پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیستییەوە، کە تێیدا ئەو سیستەمە لیبراڵییەی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە پێکهاتووە، دەکەویتە بەر هێرشی زۆرینەی دیموکراسییەتە تووڕەو پڕ لە وزە و گوڕوتینەکان. مەترسییەکی گەورە لە سەرەولێژبوونەوەدا هەیە، بەرەو جیهانی ناسیۆنالیزمە کێبەرکێکار و هاوکات تووڕەکان، خۆ ئەگەر ئەوە ڕووبدات، ئەوا ئێمە لەبەردەم ساتەوەختێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەی وەکو ڕووخانی دیواری بەرلیندان لە ساڵی 1989 دا. ئەو شێوازەی کە بەهۆیەوە ترەمپ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بنچینە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو بزووتنەوەیە ئاشکرادەکات، کە بایەخی پێدرا. بە سەیرکردنی نەخشەی دەنگدان بە ڕوونی دەردەکەوێت، پشتیوانیکردن لە هیلاری کلینتۆن لە ڕووی جوگرافییەوە لەو شارانەدا

چڕبۆتەوە، کە دەکەونە سەر کەناراوەکان، بەڵام خەڵکێکی زۆر لە ناوچە بەرفراوانەکانی هەرێمە گوندنشینییەکان و شارە ئەمریکییە چکۆلەکاندا لەبەرژەوەندی ترەمپ دەنگیاندا.

یەکێک لەو گۆڕانە سەرسوڕهێنەرانەی ڕوویاندا، ئەوەبوو کە ترەمپ توانی پەنسلڤانیا و میشیگان و ویسکۆنسین بباتەوە، واتە سێ ویلایەتە پیشەسازییەکەی باکور، کە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا بە زۆرینەی ڕەها دەنگیان بە دیموکراتەکان دەدات، تا ئەوڕادەیەی تەنانەت کلینتۆن زۆر خۆی ماندوونەکرد بە بانگەشەکردن بۆ خۆی لە ویلایەتی وێنکسنۆن. ترەمپ توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، چونکە دەنگی کرێکارانی ئەندامی سەندیکا پیشەییەکانی بۆ خۆی برد، کە ئەمانە بەهۆی پاشەکشەی پرۆژە پیشەسازییەکانەوە زەبرێکی جەرگبڕیان بەرکەوتبوو، بە تایبەت ترەمپ بەڵێنی ئەوەی پێدان «پێگەی مەزن بۆ ئەمریکا بگەڕێنێتەوە« لەڕێگەی ئەو کرێکارانە بخاتەوە سەر ئەو وەزیفانەی، کە لە کەرتە پیشەسازییەکاندا لەدەستیان دابوو.

ئێمە پێشتر ئەم چیرۆکەمان بینیووە، ئەمە چیرۆکی «بریکست»یشە (دەستپێشخەریی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا)، کە لەوێیشدا دەنگی دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا، هاوشێوەی دەنگدانەکەی ئەمریکا، لە ناوچە گوندنشین و شارۆچکە بچووکەکانی دەرەوەی لەندەندا چڕبووبوویەوە. هەمان بابەت بۆ فەرەنسایش ڕاستە، کە لەوێیش دەبینین دەنگدەرانی چینی کرێکار، کە هەمیشە باوک و باپیرانیان دەنگیان بە حیزبە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان داوە، ئێستا دەنگ بە بەرەی نیشتمانی دەدەن، کە ماری لۆپان سەرکردایەتی دەکات.

بەڵام ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی لەوە زیاتر بەرفراوانترە. بۆ نموونە لە ڤلادیمێر پۆتن بڕوانە، کە هێشتایش لایەنگیری لە ناوەندە دەنگدەرە ڕۆشنبیرەکانی شارە گەورەکانی وەکو سانت بترسبۆرگ و مۆسکۆ لەدەستدەدات، بەڵام لە سەرجەم بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا بناغەیەکی پشتیوانیی زۆر گەورە و بەرفراوانی هەیە. هەمان شت بۆ ڕەجەب تەییب ئۆردوگانیش

ڕاستە، کە لەناوەندەکانی چینی ناوەڕاستی خـــواراوەی کـۆنـزەرڤـاتـیـڤدا پشتیوانییەکی بەرفراوانی لێدەکرێت، دیسان هەمان شت بۆ سەرۆکوەزیرانی مەجەر «ڤیکتۆر ئۆربان»یش ڕاسـتـە، کـە لـە هـەمـوو شـوێـنێـک پشتیوانیی لێدەکرێت، تەنیا لە بۆدابێستی پایتەخت نەبێت.

وا پێدەچێت چینی کۆمەڵایەتی، کە لەمڕۆدا بە ئاستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستیی لەلایەن تاکەکەسەوە دیاریی دەکرێت، بۆتە درزێکی کۆمەلایەتی هەرە گرنگ لە چەندین وڵاتی زۆردا، لەو وڵاتانەی کە بەرەو پیشەسازیبوون دەڕۆن و ئابوریی بازاڕ بە زەقی دەردەکەوێت. ئەوەی دەبێتە پاڵنەری ئەم دۆخە، جیهانگیریی و کشانی تەکنۆلۆژییە، ئەمەیش لای خۆیەوە سیستەمی سەرمایەداریی لیبرالی ڕێگای بۆ خۆشکردووە کە ویلایەتە یەکرتووەکان هەر لە ساڵی 1945ەوە بەشدارییەکی گەورەی لە دروستکردنی ئەم سیستەمەدا هەبووە.

کـاتـێـک لــەبـارەی سـیـسـتـەمـی جیهانیی لیبرالییەوە دەدوێین، ئەوا مەبەستمان سیستەمی بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە، کە

بەندە بە کۆمەڵێک ڕێسا و نەزمەوە، کە هەر لەم ساڵانەی دواییدا هاوکاریی گەشەی جیهانیی کردووە. ئەم سیستەمەیە کە ڕێگەدات مۆبایلی ئایفۆن لە چین ببەسترێت و ماوەی هەفتەیەکی پێش جەژنی سەری ساڵ لەوێوە باربکرێت بۆ کڕیارەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا. ئەمە جوڵەی ملیۆنان مرۆڤی لە وڵاتە هەرە هەژارەکانەوە بۆ وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکان ئاسانکردووە، کە لەوێ دەتوانن هەلی گەورەتر بۆ ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و منداڵەکانیان بدۆزنەوە. دەرکەوتەکانی ئەم بابەتە بە تەواوەتی ئەوەیان سەلماند، کە پێشتر ڕاگەیانرابوو، مەبەستیشم ئەوە نییە لە نێوان ساڵی 1970 و قەیرانی دارایی ساڵی 2008ی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەرهەمهێنانی جیهانیی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان چوارهێندە زیادیانکردووە، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی سەدان ملیۆ مرۆڤ لە هەرژاییی ڕزگاربن، نەک تەنیا لە چین و هیند، بەڵکو لە ئەمریکای لاتین و وڵاتانی ئەفریقای کەمێک دوور لە بیابان.

بەڵام وەک چۆن هەمووان بە هەموو ئازار و غەمێکەوە دەرک بەوە دەکات، سوودەکانی ئەم سیستەمە نەگەیشتۆتە هەموو کەس، چینە کرێکارییەکان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وەزیفەکان و هەلی کاریان کەمبۆتەوە، بەهۆی خواستی کۆمپانیاکانەوە، بۆ پشتبەستن بە کرێکار لە شوێنەکانی دیکە و پەنابردن بۆ شێوازەکانی عەقڵاندنی خەرجکردن و زیادکردنی لیهاتوویی لە بەرهەمهێناندا، وەک ئەوەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو کێبەرکێی پەرەپێدراوەکەی کە لە بازاڕی جیهانیدا ڕەحم بە هیچ شتێک ناکات. کەڵەکەبوونی ئەم دۆخە بووە هۆی قەیرانەی کە لەساڵی 2008دا ڕووبەرووی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوویەوە، بووە هۆی قەیرانی یۆرۆیش، کە پاش دوو ساڵ (واتە لە 2010دا) ڕووبەڕووی ئەوروپای بوویەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، و دژ بە شۆکە دەرەکییەکان، دارمانێکی دراماتیکی لەو نەزمانەدا ڕوویدا، کە دەستەبژێر نەخشەی بۆ دانابوون -بازاڕی دارایی ئازاد (لە حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا) یان سیاسەتە

ئەوروپییەکانی وەکو یۆرۆ و سیستەمی شینگنی، تایبەت بە کۆچی ناوخۆیی (لە حاڵەتی ئەوروپادا). ئەوانەی تێچوون و باج و باری ئەم شکستانەیان هەڵگرت، هەندێجار دەستەبژێربوون و هەندێجایش کرێکارە ئاساییەکان، نەک خودی دەستەبژێرەکە. لەو کاتەوە دەبێت پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوە نەبێت، کە بۆچی پۆپۆلیزم لە ساڵی 2016دا زەقبویەوە، بەڵکو ئەوەیە بۆچی ئەم هەموو کاتەی خایاند، تاوەکو دەرکەوت و ڕووواڵەتی خۆی پیشاندا.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شکستێکی سیاسیی هەیە، لەو ڕووەوە کە سیستەمەکە بەشێوەیەکی پێویست چینی کرێکاریی تەقلیدیی نەگرتۆتە خۆی و نەنواندۆتەوە. حزبی کۆماری کەوتۆتە ژێر باری هەژموونی دامەزراوە بازرگانییە ئەمریکییەکان و ئەو هاوپەیمانانەیەوە، کە قازانجی بەرفراوانیان لە جیهانگیری چنیوەتەوە. لەو کاتەدا حیزبی دیموکراتییش بووە حزبی سیاسەتەکانی پەیوەست بە

شوناس: هاوپەیمانی ژنانە، ئەمریکییە ئەفریقییەکان، ئەمریکییە بەڕەگەز لاتینییەکان، کۆمەڵگەی هۆمۆسێکسواڵەکان و لیزبیانەکان و ڕەگەز گۆڕاوەکان، ئەمەیش وایلێکردن سەرنج و بایەخیان لەسەر دۆزە ئابورییەکان نەمێنێت.

چەپی ئەمریکی شکستیهێنا لەوەی، چینی کرێکار بنوێنێتەوە، لەکاتێکدا لەسەرجەمی ئەوروپادا هێزی ئەوتۆ هەن، کە بە تەواوەتی نوێنەرایەتییان دەکەن، لەوێ ماوەی دوو دەیەیە سۆسیال-دیموکرات لەگەڵ جیهانگیریدا سازاوە و گونجاوە، ئەمەیش فۆڕمی «نێوانگیریی بلێری»ی یان جۆرێک لە «چاکسازیی نیولیبرالیزم»ی وەرگرتووە، کە سۆسیال-دیموکراتەکانی یاوەری گیرهارد شرۆدەر، لە ساڵانی دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا نەخشەکەیان داڕشتووە.

بەڵام شکستی گەورەی چەپ لەو شکستە دەچوو، کە لە ڕۆژانی پێش سەرەتای ساڵی 1914 و دەستپێکردنی جەنگی جیهانی ڕوویدا، کاتێک -وەک فەیلەسوفی بەریتانی بە ڕەگەز چیکی «ئیرنست گیلنەر» بە ڕاستگۆییەوە

گوزارشتی لێکردووە- کە پۆستەچییەک هەڵەی کردبوو لە گەیاندنی نامەیەکدا، نامەکە بۆ ئەدرەسێک بوو بە ناوی «چین» بەڵام برابوو بۆ ئەدرەسێک بە ناوی «نیشتمان». هەمیشەیش نیشتمان دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر لە پێشترەوە چی لە خۆ بگرێت، چونکە دەتوانێت بگات بە سامانێکی بەهێز، کە پەیوەندیدار بێت بە شناس و ئارەزووی پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەیەکی کولتووریی ئۆرگانییەوە. ئێستا ئەم نۆستالژیایە بۆ شوناس لە شێوەی راستڕەویی توندڕەویی ئەمریکیدا دەردەکەوێت، کە پێکهاتووە لە فۆڕمی ئەو کۆمەڵ و گروپانەی، کە پێشتر سەرکەوتکراون و لە ئێستایشدا بە شێوەی جیاواز پەیوەستن بە دۆکترینی نەتەوەیی سپییەوە، بەڵام تەنانەت ئەگە ئەم توندڕەوانەیش بخەینە ئەولاوە، زۆر لە ئەمریکییە ئاساییەکان پرسیاری ئەوە دەکەن، بۆچی کۆمەگەکانیان پڕبوون لە پەنابەران، کێ زمانێکی بە سیستەمێک سپاردووە، کە لەڕووی سیاسییەوە قبوڵکراوە و چیت مرۆڤ ناتوانێت بەهۆیەوە سکاڵا لە کێشەیەک بکات، یان داد لە

ستەمێک بکات. ئەمەبوو کە وایکرد دۆنالد ترەمپ دەنگێکی زۆر، لە دەنگدەرانێکەوە بەدەستبهێنێت، کە هەم لە ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و هەمیش لە ئاستێکی بەرزی دەوڵمەندیدا بوون، لەو دەنگدەرانەوە کە وا هەستیان نەدەکرد قوربانیی جیهانگیرین بەڵام هەستیان بەوە دەکرد، کە وڵاتەکەیان لێ زەوتکراوە. پێویست نییە دیسانیش جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە هەمان ئەم جووڵەیە بوو دەرەنجامی دەنگدانی بابەتی بریکست (دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا)یشی دیاریکرد.

کەواتە سەرکەوتنی ترەمپ چ ڕەنگدانەوەیەکی تۆخی لەسەر نەزمی نێو دەوڵەتی دەبێت؟ بە پێچەوانەی ئەو قسانەی ڕەخنەگرانی ترەمپ دەیڵێن، ترەمپ هەڵوێستێکی جێگیریی هەیە، کە زۆر بە وردی بیری لێکراوەتەوە: کاتێک مەسەلەکە پەیوەستە بە سیاسەتی ئابوری و بە نەزمی سیاسیی جیهانییەوە، ئەو کەسێکی ناسیۆنالیستە.

ئەو بە ڕاشکاویی ڕایگەیاند هەوڵدەدات بۆ دووبارە دانوستان لەبارەی ڕێکەوتننامە

بازرگانییەکانی ئێستا وەکو نافتا و بگرە ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی، خۆ ئەگەر ئامانجەکانی خۆیشی بەدەستنەهینێت ئەوا هیچ نەبێ ئامادەیی ئەوەی هەیە چاوبخشێنێتەوە بە مەسەلەی دەرچوون لەو ڕێکەوتننامانە و ئازادبوون لە مەرج و ئەرکەکانیان، هەروەها بە ڕوونی باسی لەوەیش کرد، کە سەرسامە بە سەرکردە و پێشەمگە «بەهێزەکان»ی وەکو پۆتنی سەرۆکی ڕوسیا، کە بەهۆی ئەنجامدانی کردەیەی یەکلاییکەرەوە ئەوە بەدەستدەهێنن کە دەیانەوێت، بۆیە ئەکتر شەیداری هاوپەیمانە تەپلیدییەکانی وەکو سەرکردەکانی دەوڵەتی ناتۆ و ژاپۆن و کۆریای باشورە و بەوە تۆمەتباریکردن کە سوار پشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوون و لەسەر نفوز و هێزی ئەمریکا دەلەوەڕێن. ئەمە یارمەتیماندەدات لەوە تێبگەن، کە پشتیوانیی ئەو لەم کەسانە بە مەرجی دووبارە دانوستانەوە دەبێت، لەسەر ڕێکخستن و نەخشەکانی ئێستا، بەتایبەتیش بەئەستۆگرتنی هاوبەشی بار و تێچوونەکان.

مەحاڵە لە ئاستی مەترسی و هەڕەشەی ئەم

هەڵوێستانە لەسەر ئابوریی جیهانی و نەزمی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەم بکەینەوە، بە تایبەتیش کاریگەرییەکەی لەسەر جیهانێک کە لەمڕۆدا پڕبووە لە ناسیۆنالیزمی ئابوریگەرا. سیستەمی بازرگانی و بەرهەمهێنانی ئازاد، بۆ مانەوەی خۆی –بەشیوەیەکی تەقلیدی– پشت دەبەستێت بە هێز و قەڵەمڕەوییە زالەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لەئێستە بەدوا بەشیوەیەکی تاکلایەنە بجوڵێتەوە بۆ گۆڕینی مەرجەکانی ڕێکەوتننامەکانی نیوان خۆی و وڵاتەکانی دیکە، ئەوا زۆرێک لە یاریکەرە بەهێزەکانی جیهان خۆیان نابوێرن لە تۆڕەکردنەوە، ئەمەیش گڕ دەنێت بە مەشخەڵی دارمانی ئابورییەکی هاوشێوەی دارمانی ساڵانیی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە.

مەترسی لەسەر نەزمیی ئاسایشی جیهانییش لەوە پێشتر کەمتر نییە. لەم دەیەی دواییدا ڕوسیا و چین وەک هێزی گەورەی پێشەنگی ستەمکار دەرکەوتن، هەردووکیشان خولیای فراوانگەرییان هەیە.

کتومت هەڵوێستی ترەمپ لەبارەی ڕوسیاوە، دەبێتە مایەی نیگەرانی و بێزاری: ترەمپ یەک هەڵوێستی نەبووە کە ڕەخنە لە پۆتن بگرێت، سەڕەرای ئەوەیی باسی لەوە کرد، کە دەستگرتنی پۆتن بەسەر نوە دوورگەی کریمیادا ڕەنگە پاساوی خۆی هەبووبێت. گەر بێئاگاییە گشتییەکەی ئەو لەبارەی زۆربەی لایەنە سیاسییە دەرەکییەکانەوە لەبەرچاو بگرین، ئەوا قسەکردنی بەردەوامی ترەمپ لەبارەی ڕووسیاوە دەشێت دەرەنجامگیریی ئەوەی لێبکرێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، پۆتن دەسەڵاتێکی شاراوەی بەسەریدا هەیە، ڕەنگە لەڕووی هەستکردنەوە بێت بە قەرزداری و پێزانین بۆ سەرچاوە دیاریکراوەکانی ڕووسیا لە بەرامبەر پاراستنی ئیمپراتۆرییەتە بازرگانییەکەی خۆیدا. لە هەر هەوڵێکی ترەمپدا بۆ «بەرەو باشتربردنی پەیوەندییەکان» لەگەڵ ڕوسیادا، ئۆکرانیا و جۆرجیا دەبنە یەکەم قوربانی، ئەوانە دوو وڵاتن، کە پشت بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبەستن بۆ مانەوەیان، وەک دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، لە

کاتێکدا تێدەکۆشن بۆ هێشتنەوەی سیستەمە دیموکراسییەکەیان.

ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە بابەتەکە بڕوانین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ماوەی سەرۆکایەتی ترەمپ دەرفەتی کۆتاییهێنان بەو ماوەیە دەرەخسێنێت، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکان سیمبولی خودی دیموکراسییەت بوو لە ڕوانگەی ئەو گەلانەوە، کە لە بەشە جیاجیاکانی جیهاندا لە ژێر حوکمی ڕژێمە دەسەڵاتگەرییەکاندا دەناڵێنن. هەر لە زووەوە باڵادەستی ئەمریکی بە بەردەوامی پشتی بەستبوو بە «هێزی نەرم»، نەک پشت ببەستێ بە نمایشکردنی ماسولکە و بڵاوکردنەوەی هێز وەک ئەوەی لە داگیرکردنی عێراقدا ڕوویدا. ئەو بژاردەیەی کە ئەمریکییەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا هەڵیانبژارد ئاماژە بە ڕوودانی گۆڕانیک دەکات لە خەرەندێکەوە بۆ خەرەندێکی دیکە، لە کەمپی لیبرالیزمی جیهانییەوە بۆ کەمپی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی. بە ڕێکەوت نەبوو ترەمپ لەلایەن «نایجیل فاراج»ی ڕابەری حیزبی سەربەخۆیی بەریتانییەوە

پشتیوانییەکی بەهێزی لێکرا، سەیریش نییە کە خانمە ڕابەری بەرەی نەتەوەیی فەرەنسا «ماری لۆپان» یەکەم کەس بوو پەیوەندیی پێوەکرد و پیرۆزبایی بردنەوەی هەڵبژاردە سەرۆکایەتییەکە لێکرد.

لە ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵێکی نێودەوڵەتیی نوێی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی لەسەر شانۆ دەرکەوتن، کە دەرفەتی گۆڕینەوەی زانیارییەکان و پێشکەشکردنی پشتیوانی و هاوکارییان لە ڕێگەی سنوورەکانەوە بۆ ئەو هێزانە ڕەخساند کە لەبارەی ئەم بابەتەوە ڕوانگەکانیان لەگەڵ یەکدا دەگونجێن و ئایدیاکانیان لەگەڵ یەکتردا یەکدەگرنەوە. یەکێک لەو کەسانەی زۆر بە تەنگی ئەم بابەتەوەن ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕوسیایە، نەک لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم کۆمەڵە نێودەوڵەتییە بایەخ بە شوناسی نەتەوەیی گەلانی تر دەدات، بەڵکو هەر بە سادەیی لە ڕوانگەی تێکدان و دروستکردنی کۆسپەوە. بەڵگەیشم بۆ ئەمە جەنگی زانیارییە کە ڕووسیا لە ڕێگەی چەتەکانی تۆڕی ئینتەرنێت و هاککەرانی ئیمەیلەوە کردییە سەر

لیژنە نەتەوەیی حیزبی دیموکراسی، ئەمەیش کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر دامەزراوە هەمریکییەکان هەبوو، پێشبینیی ئەوەیش دەکەن، ئەم هێرشانە بەردەوام دەبن.

چەندین پانتایی گەورەی ناڕوون لە ئەمریکای ئەم قۆناغە نوێیەدا هەن. لە کاتێکدا ترەمپ لە قووڵاییە نەتەوەییەکەیدا لەگەڵ خۆیدا تەبا و سازگارە، بەڵام بە توندی ئارەزووی لە گرێبەست هەیە. چی ڕوودەدات کاتێک بۆی دەردەکەویت وڵاتەکانی دیکە ڕازینابن بە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەبارەی ڕیکەوتننامە بازرگانییەکان و ڕێکخستنەکانی پەیماننامەکانەوە و لە مەرجەکانی خۆش نابن؟ ئایا ئەو ڕازیدەبێت بە باشترین ڕێکەوتنامە، کە توانای ئەوەی پێبدات بگاتە ئامانجەکانی، یان زۆر بە سادەیی سرنجێک لەخۆی دەدات؟ زۆرێک باسیان لەو مەترسییە کرد کە ئەو دەست دەخاتە سەر پەلەپیتکەی ئەتۆم، بەڵام من پێموایە لە قووڵاییدا ئەو زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەڕوات، نەک کەسێک کە ئارەزوی لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیی بێت

له جیهاندا، لەبەرئەوە دواجار کاتێک دەکەوێتە واقیعێکەوە، کە ناچاری دەکات لەگەڵ جەنگی ناوخۆیی سوریادا مامەڵە بکات، ناچار دەبیت لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی ئۆباما بخوازێت و لەسەر ڕێباز و هەنگاوەکانی ئەو بڕوات، بە بێ ئەوەی گۆڕانکارییان تێدابکات.

ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا بایەخی سیفەتە کەسییەکان دەردەکـەون. منیش وەک زۆرێک لە ئەمریکییەکانی دیکە، ئەستەمە بۆم وێنای کەسێک بکەم، کە لەم کەسە نەگونجاوتر و بێ تواناتر بێت بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهانێکی ئـازاد. بەشێک لە هـۆکاری ئەمەیش بەهۆی هەڵوێستەکانییەوەیەتی، لەبارەی چەند دۆزێکی گرنگەوە، بەشێکی تریشی بەهۆی لوتبەرزی و هەستیاربوونییەوەیەتی لە بۆچوونی کەسانی تر لەسەر کەوکوتی و نەنگییەکانی. لە هەفتەی رابردوودا، کاتێک ترەمپ بە پیاڵ براوەکانەوە و بە هێمای شەرەفەوە لەسەر شانۆ ڕاوەستابوو، وتی کە ئەویش کەسێکی بوێر بووە «بوێر بووە لە ڕووی داراییەوە«. جەختی لەوەیش کردەوە هەوڵ دەدات وا لە دژەکانی و رەخنەگرەکانی

بکات باجی دژایەتی و ڕەخنەکانیان بدەن. تۆ بڵێی بەرپەرچی سەرکردەکانی دیکەی جیهانیش بداتەوە، کاتێک باسیان لە نوقسانی و نەنگییەکانی کرد، تۆ بلیی بەرپەرچیان بداتەوە، هەر بەو جۆرەی کە سەرکردەی باندێکی مافیا بەرپەرچی بیستنزمانە گرێبەستخوازەکان دەدەنەوە، کاتێک تووڕەیان دەکەن، یان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

سەرۆکایەتی ترەمپ، ئەو سەردەمە دەگەیەنێتە کۆتایی، کە تێیدا ئەمریکا سیمبولی دیموکراسی بوو. تەحەدای گەورە کە لەمڕۆدا ڕووبەڕووی دیموکراسییەتی لیبراڵی دەبێتەوە، لە هێزی دەسەڵاتخوازی پەتییەوە دروستنابێت، وەک ئەوەی لە چین هەیە، یان ئەوەی لە ناوخۆی ڕۆژئاوا هەیە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و ئەوروپا و چەند وڵاتێکی دیکە، بەشە دیموکراتەکەی سیستەمی سیاسی دژی بەشە لیبرالییەکەی ڕادەپەڕێت، هەڕەشەی بەکارهێنانی شەرعییەتە ڕواڵەتییەکەی دەکات بۆ لەتوپەتکردنی ئەو ڕێسایانەی کە تا ئێستا

ڕەفتارەکانی دیسپلینکردووە و ڕێوشوێنی بۆ دانـاون، بەمەیش بوونی جیهانێکی کراوە و لـێبـووردەیـان زیـاتـر چـەسـپـاندووە. ئەو دەستەبژێرە لیبرالییەی سیستەمیان هێنایە کـایـەوە، پێویستیان بـەوەیـە گـوێ لـە دەنگە تووڕەکانی دەرەوەی دەرگاکان بگرن و بیر لە یەکسانیی کۆمەڵایەتی و شوناس بکەنەوە، وەک کـۆمـەڵـێک دۆز کـە لـە هـەمـوو شتێ گرنگترن، پێویستە دەستبەجێ ئـاوڕیـان لێ بدرێتەوە. بەهەر جۆرێک بێت لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا گەشتەکەمان پڕ لە کۆسپ و تەگەرە دەبێت.

تێبینی: چەند هەفتەیەک دوای دەرچوونی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئـەم دوایـیـە، نـووسـەر ئـەم وتـارەی لـە «زە فاینانشنال تایمز» بڵاوکردەوە.

**سەرچاوە:**

-فرانسیس فوکویاما: أمریکا ترامب و النظام اللعالمي الجدید. سایتی (الصباح).

# خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی
# (دروستكردنی دەوڵەت)ی فۆكۆیاما

وەرگێڕ: ئاران عەلی

**لاوازکردنی دەوڵەت**

«تاتچەریزم و ڕیگانیزم» باڵیان بەسەر ڕوانگەی خۆرئاوادا بۆ دروستکردنی دەوڵەت کێشاوە، هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، سیاسەتەکانی خۆرئاوا بەرامبەر وڵاتانی دیکەی جیهان بە ئاڕاستەی سنووردارکردن و بچووککردنەوەی قەبارەی دەوڵەت و کۆتاییهێنان بە ڕۆڵە ئابوورییەکەی بووە، ئەویش لەپێناو بڵاوکردنەوەی میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی دەستەواژەی «دەوڵەتێکی لاواز و کۆمەڵگەیەکی بەهێزدا» پوختدەکرێنەوە.

کاتێک چەمکی جیهانگیریی وەک ئامڕازێک دەردەکەوێت کە کاردەکات بۆ بەدیهێنانی سەروەری و باڵادەستیی یەک سیستەمی ئابووری و سیاسی و فکری بۆ تەواوی جیهان، لەبەرئەوەی بوونی دەوڵەتێکی بەهێز (جا دەوڵەتەکە ناسیۆنالیست، فاشیست، سۆسیالیست، ئایینی بێت)، ئاستەنگێکە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی (سەرمایە) کە لە

گەڕاندایە بەدوای سەرمایەگوزاریی نوێ و خاکێکی بەپیت بۆ گەشەکردن. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بەتایبەت پاش ڕووخانی دیواری بەرلین و کەوتنی بلۆکی سۆسیالیستی، سەرمایەداری کاری لەسەر چەند تەوەرێک کردووە، لەوانە:

سیاسی: ئەوەش لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایش، کە لە ڕێگەیەوە دەست لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان وەردەدرێت.

ئابووری: ئەو ڕێکخراوانەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم و لەسەر داواکاریی ئەمریکا دروستکراون، وەک (بانکی نێودەوڵەتی، کە بە شێوەیەکی دوورمەودا دەستی بەسەر سەرچاوە داراییەکاندا گرتووە، هەروەها سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کە دەستی بەسەر سیاسەتی نەختینەییدا گرتووە، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی بازرگانیی جیهانیی)، لە ڕێگەی ئەم دامەزراوانەوە مافی سەروەریی دەوڵەت پێشێلدەکرێت، ئەو مافە کە هەر لە سەرەتای

پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە لە ئەوروپا مافێکی بڕیارلەسەردراو بووە.

ئەم ئامانجانەش لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە بازرگەرمیی بۆدەکرێت، کە ئەم ئامرازانەش دوای شۆڕشی تەکنەلۆژی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی بکردووە.

**دروستکردنی دەوڵەت**

فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا «دروستکردنی دەوڵەت» ئەم پرسانە شەنوکەو دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئامانجەکە بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەت، نەوەک بچووککردنەوەی و بە یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەژماردەکات، بەڵی دان بەوەدا دەنێت کە دەوڵەت لە سەدەی بیستەمدا بەهێز بووە و سنوور و دراوسێکانی خۆی تێپەڕاندووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێی وایە کە دەوڵەتی لاواز و شکستخواردوو سەرچاوەی کێشە هەرە ترسناکەکانی جیهانە، بەتایبەت لە سەدەی 21دا، لەم ڕووەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆجیتۆیەکی بنەڕەتی: «هێزی دامەزراوەکانی

دەوڵەت، گرنگییەکی زیاتری هەیە لە مەودای ئەرکەکانی دەوڵەت».

ئەگەری وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی بە بۆچونی فۆکۆیاما (پرسێکی کێشەئامێزە)، لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی جوڵاندنی هێزی شاراوەی نێو دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان (هاوکارییە حکومییەکان)، دەبێتە ئاستەنگێک لەبەردەم ڕیفۆرمی ئابووریدا، کە لە دوورمەودادا دەوەستێت، بەمەش هەموو ئەو هێزە سیاسییانە لەناودەبات کە هەوڵ بۆ دووبارە بونیادنانەوە دەدەن، بەهۆی ئەم فشارانەشەوە، خواستی گەل و جەماوەر بەردەوام دەبێت لە فشارکردن بۆ گەیشتن بە دەوڵەتێکی خۆشگوزەران، بەدیهێنانی ئەم ڕیفۆرمانەش پێویستی بەوەیە لە قۆناغەکانی سەرەتادا جۆرێک لە زکهەڵگوشین و کەمکردنەوەی خەرجی و کەمکردنەوەی هەلی کار پەیڕەوبکرێت.

فۆکۆیاما دەڵێت: «وێڕای ئەوەی مەعریفەیەکی زۆرمان دەربارەی کاروبارەکانی دروستکردنی دەوڵەت هەیە، بەڵام هێشتا زۆر

شت هـەن نایانزانین، بەتایبەت دەربـارەی چۆنیەتیی گواستنەوەی دامەزراوە بەهێزەکان بۆ دەوڵـەتـە تازەگەشەسەندووە لاوازەکـان. ئێمـە تـــەواو لـە چۆنیـەتی گـواسـتنـەوەی کەرەستە ماتریاڵییەکانی دەوڵـەت تێدەگەین لـە ڕێـگـەی سـنـوورە نێودەوڵـەتییـەکانـەوە، بـەڵام گـواسـتنـەوەی دامـــەزراوە گشتییەکان کـە بـەڕێوەبردنـی ئـەرکـەکانـی پێویستی بە زەینییەتێکی دیاریکراو هەیە، بە چەندین ڕێگە بەرەنگاری گواستنەوە دەبن لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە، هەربۆیە پێویستە لەسەرمان گرنگییەکی زیاتر چڕبکەینەوە لەم بـوارەدا و گەڕان و بیرکردنەوەی زیاتریش بخەینەگەڕ». کتێبەکەی دەچێتە چوارچێوەی ئەو هەوڵەوە کە لە ڕێگەیەوە بناغە بۆ کۆمەڵە ئایدیایەکی نوێ دادەنرێت کە لێکدژن لەگەڵ ئایدیا باوەکان لە سیاسەتی خۆرئاوادا، کە وەک باسمانکرد لە هەوڵدایە بۆ بچووککردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت.

ئەم کتێبە جۆرێکە لە جوڵەیەکی بزێو بۆ دەرچـوون لە ئایدیا بـاوەکان، لـەم بارەیەوە وەک فۆکۆیـامـا خـۆی دەڵـێت، لـەبـەرئـەوەی

مەلەکردنە بە پێچەوانەی ئاڕاستەوە، بەڵام ئەمە فۆکۆیامایە، تیۆرسینێکی خۆرئاواییە و هەمیشە لە دەرەوەی ڕیز و پۆلەکان دەخوێنێت، بەڵام نەوەک بە ئامانجی تاککەوتن، بەڵکو وەک دەستپێکێک لە پێدراوەکانی ئەزموونی ئەمریکاوە لە میانەی دەیەی ڕابردوودا، و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ مێژووی دەوڵەت و دامودەزگاکانی و ئایدۆلۆژیا بزوێنەرەکانی.

فۆکۆیاما لەم کتێبەدا ئاماژە بە هەڵەی لیبەرتارەکان دەکات لە هەڵمەت و پروپاگەندەی خۆیاندا بۆ کۆتاییهێنان بە دەوڵەت و بچووککردنەوەی و بە هەڵەیەکی دادەنێت کە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە. فۆکۆیاما قۆناغی پاش (11ی سێپتەمبەر) بە قۆناغی ئاوەژووبوونەوەیەکی پێویست دادەنێت بۆ بونیادنانی دەوڵەت، لەبەرئەوەی بەردەوامبوون لەسەر لاوازکردنی دەوڵەت سەردەکێشێت بۆ کارەسات و هەرەس، ئەو پێیوایە کۆتایی جەنگی سارد بۆتە مایەی دەرکەوتنی «پشتێنەیەک لە دەوڵەتی شکستخواردوو و ناسەقامگیر، کە لە ئەوروپاوە درێژدەبنەوە بۆ

باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا»، ئەم دەوڵەتانە بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆسەر سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێت، لەبەرئەوەی زەمینەیەکی لەبارن بۆ ململانێ و پێکدادانەکان و بە شێوەیەکی بەرجەستە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی تێدا پێشێلدەکرێت، هاوکات ژینگەیەکی لەبارن بۆ گەشەی تیرۆریزم.

هەربۆیە جەخت لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە دەوڵەتانە و بەهێزکردنیان دەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگەی گواستنەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان بۆ ناو ئەو دەوڵەتانە، نەوەک هەر تەنها پرۆژە ئابوورییەکان، بەو شێوەیەش ئەو دەوڵەتە دەبەستێتەوە بە کۆمەڵە ئیمتیازێکەوە، کە لە دوورمەودادا جگە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان هیچی دیکە بەدیناهێنێت.

خۆرئاوا دەزانێت چۆن پارە و کاڵا دەگوازێتەوە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا نەیتوانیوە دامەزراوە دیموکراسییەکان بگوازێتەوە و بیانکاتە شتێکی جێگیر لەم دەوڵەتانەدا، کە بوونەتە مەترسی بۆسەر سیستەمی جیهانی.

**فۆکۆیاما و هانتینگتۆن**

فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ» کە لە ساڵی 1989دا دەرچووە و مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوە دەخاتەڕوو کە سیستەمی سەرمایەداری و لیبراڵیزم دوا قۆناغی مێژوون، ئەم سیستەمە سەرکەوتنی بەسەر سۆسیالیزمدا بەدەستهێنا، ئەمەش گوزارشتە لە کۆتایی گەشەسەندنی مرۆیی، مێژوو لای فۆکۆیاما واتای ململانێ دەگەیەنێت، دواجار ئەم ململانێیەش بە کەوتنی دیواری بەرلین و هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتاییهات، فۆکۆیاما مەبەستی لەوە نییە جوڵە و هەڵبەز و دابەزی ڕووداوەکان ڕاوەستاون، بەڵکو بەردەوامن، بەڵام تاکە فۆڕم و سیستەمێکی باڵادەست هەیە، کێشمەکێشمەکانی دیکەی وەک (ئیسلام، کۆنفیشیۆنیزم) هیچ نین جگە لە گێژاوی ناو دەفرەکان، ئایدیا لیبڕالیزم سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بە سەرکەوتنیشی مێژوو ڕاوەستاوە.

بەڵام لە کتێبی بونیادنانی دەوڵەتدا، کە ڕەنگە خوێنەر لە سەرەتادا واهەستبکات فۆکۆیاما

دژ بە ئایدیاکانی خۆی قسەبکات، یاخود لێیان پاشگەز بووبێتەوە. باس لە مەترسیی دەوڵەتە لاوازەکان دەکات، کە بۆتە گەورەترین مەترسی بۆسەر خۆرئاوا، لەبەرئەوەی وشەی «هەڕەشە» بە مانای بوونی ململانێ دێت، هەربۆیە هێشتا مێژوو لە جوڵەدایە و نەوەستاوە و کۆتایی نەهاتووە، بەتایبەت گەر بزانین ئەم هەڕەشەیە زیاتر لەناو سنوورە خوێناوییەکاندا ڕووی لە گەشەسەندن کردووە، کە سامویل هانتینگتۆن قسەی لەسەردەکات و پێیوایە هەموو ئەو دەوڵەتە شکستخواردووانە دەکەونە ناو ئەو سنوورەوە. لێرەدا پێیوایە کە ئەم هەڕەشەیە گوزارشت نییە لە ویستێکی هاوتەریب بە شارستانیەتی خۆرئاوا (سیستەمی سەرمایەداری و لیبراڵیزم)، وەک هانتینگتۆن لە کتێبەکەیدا (پێکدادانی شارستانێتییەکان)دا لێی دەدوێت.

# فۆکۆیاما: بەهاری عەرەبی باشترە لە بەهاری ژاپۆن

وەرگێڕ: کەیوان عومەر

له ساڵی 1992دا و دوای کەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت و ئازادکردنی ئەوروپای خۆرهەڵات و یەکخستنەوەی ئەڵمانیا، و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لەنێوان بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی کۆمۆنیستی، بیرمەندی ئەمریکی (فرانسیس فۆکۆیاما) کتێبی «کۆتایی مێژوو»ی بڵاوکردەوە، کە هەتاوەکو ئێستا هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە.

دوایـن کتێبی فـۆکـۆیـاما بـە ناونیشانی «سیستەمی سیاسی و داخورانی دیموکراسی» بـڵاوکـرایـەوە، وەک دەزانـیـن فـۆکـۆیـامـا بە ڕەچەڵەک ژاپۆنییە و باپیری بەشداربووە لە جەنگی دژ بە ژاپۆن لە ساڵی 1905. دواتر کۆچیکرد بۆ ئەمریکا، بەڵام باوکی فۆکۆیاما لە ئەمریکا لەدایکبوو، دواتر گەڕایەوە بۆ ژاپۆن و لەگەڵ خانمێکی ژاپۆنیدا هاوسەرگیریی کرد، پاشان فرانسیس و منداڵەکانی دیکە لەدایکبوون. بەڵام فرانسیس بە پەروەردەیەکی ئەمریکیی گـەورەکـراوە و فێری زمانی ژاپۆنی نەبووە. هەر لەسەر ڕێچکەی باوکی بووە مامۆستای زانکۆ (باوکی مامۆستای کۆمەڵناسی بوو لە

زانکۆی شیکاگۆ، دایکیشی بەهەمان شێوە، باوکی سەرۆکی زانکۆی کیۆتۆ بوو لە ژاپۆن).

فۆکۆیاما لە پێشەکیی کتێبەکەیدا «کۆتایی مێژوو»، باس لەوە دەکات کە خێزانەکەی لە میراتی ئیمپراتۆری کۆنی ژاپۆنەوە گەشەیکردووە بۆ ئازادیی ئەمریکا، کە ڕەنگە لەم کتێبەدا کاریگەریی لەسەر بۆچوونی من هەبێت، بەکورتی: دوای ئەوەی مرۆڤ گشت شێوازەکانی حکومڕانیی تاقیکردەوە (سەرەتایی، خێڵەکی، ئەنارشیستی (بێ دەوڵەتی و بێ دەسەڵاتی)، ئیمپراتۆری، پادشایەتی، سەربازی، نازیزم، فاشیزم، کۆمۆنیزم)، دواجار گەیشتە باشترین جۆری حکومڕانی، کە بریتییە لە دیموکراسی».

بەڵام وەک دەزانین کتێبەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە:

یەکەم: لەلایەن ئەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە دیموکراسیی خۆرئاوایی نییە، یاخود فۆکەسیان خستۆتە سەر لایەنە خراپەکانی (وەک ڕۆشنبیرە چینییەکان، ئەفریقییەکان، عەرەبەکان).

دووەم: لەلایەن ئەو کەسانەوە کە

بەهۆی بۆچوونەکانی فۆکۆیاماوە ڕقیان لە ناوبانگەکەیەتی (هەندێکیان بە زمانێکی زبرەوە دەربارەی پاشخانە ژاپۆنییەکەی دەنووسن).

سێیەم: لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ڕەخنە لە دیموکراسیی لیبراڵی دەگرن، بەڵام ڕەخنە لە هێرشەکەی فوکۆیاماش دەگرن بۆسەر پۆست مۆدێرنیزم.

کاتێک فۆکۆیاما ئەم تیۆرە دەنووسێت فۆکەس دەخاتە سەر ئەندێشە و ویستە ناوازەکان. بەڵام گرنگییەکی گەورەی نییە، لەبەرئەوەی تەنها لەم 50 ساڵەی کۆتاییدا دەستیپێکردووە، هەروەها لەبەرئەوەی تیۆری دەستەبژێرێکی کەمە، هەروەها لەبەرئەوەی تەنها فۆکەس دەخاتە سەر هونەر و بیناسازیی، بەپێچەوانەی مۆدێرنیزمەوە، کە بریتییە لە گەشەسەندنی مێژوویی پرۆژەیەک و لە بوارەکانی مێژوو، ئابووری، زانست، کولتووردا سوودبەخشە.

### سیاسەت و دیموکراسی

لە کتێبە تازەکەیدا فۆکۆیاما باس لە گەشەپێدانی سیاسی دەکات وەک «تەواوکەری گەشەپێدانی ئابووری و سەرەتای دیموکراسی

و مێژووی فاشیستیی ئیتاڵیا»، دەوڵەتی یاسا بەڵام «بەبێ دیموکراسی». هاوکات چاپتەرێکی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ بەهاری عەرەبی بە ناوی «لە 1848ـەوە بۆ بەهاری عەرەبی»، هەر لەوێدا دەنووسێت: «وەک خۆپیشاندانەکانی پێشووتر ئۆکرانیا، خۆپیشاندانەکانی میسر و تونسیش حکومەتی ئازادیان دەویست لەگەڵ کۆمەڵە حکومڕانێک کە گوزارشت لە گەل دەکەن... بەهاری عەرەبی نموونەیەکی باشی ڕەوتی ئەم کتێبەیە. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گەشەسەندنی ئابووری پێویستە ببێتە مایەی هۆشیارییەکی زیاتر و گەشەیەکی ئابووریی زیاتر. لە هەندێک شوێنی جیهان کەسانێک هەن دەڵێن هیچ هیوایەک بوونی نییە... بەهاری عەرەبی نموونەیەکی باشترە لە بەهاری ژاپۆن، کاتێک ئازادی و دیموکراسی لە ڕێگەی هێزەوە بەدیدەهێنرێن (ژاپۆن لە جەنگی جیهانیی دووەمدا شکستی هێنا، ئەمریکییەکانیش دیموکراسییان بەسەردا سەپاند، ئەوەش دوای چەندین سەدە لە حکومڕانی ئیمپراتۆرەکان)... لە هەموو بارەکاندا بەهاری عەرەبی،

حکومڕانان گەلەکانی خۆیان چەوساندۆتەوە: حوسنی موبارەک لە میسر، زەین عابدین لە تونس، قەزافی لە لیبیا.

لە سەرەتای بەهاری عەرەبیدا هەندێک کەس پێیان وابوو کە سەرەتای شەپۆلی چوارەمە، دەیانگوت کە زۆر لە بەهاری ئەوروپا دەچێت کە ساڵی 1848 دوای شۆڕشی فەڕەنسی دەستپێکرد.

فۆکۆیاما باس لەوەش دەکات: «بەڵام دوای ئەوە ئەنجامە غەمگینەکانی بەهاری عەرەبی دەرکەوتن... زۆرێک لە خۆرئاواییەکان گوتیان نەدەبوو بەهاری عەرەبی ڕووبدات بەو شێوەیە. ئەمە بەزۆری لەلایەن ئەمریکی و ئیسرائیلییەکانەوە دەگوترایەوە، لەبەرئەوەی دۆخی پێش بەهاری عەرەبی بۆ ئەوان باشتر بوو. هەندێکی دیکەش دەڵێن بەهاری عەرەبی کۆمەڵە ڕژێمێکی ئیسلامیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە جگە لە کێشەی زیاتر هیچی دیکە بەدوای خۆیاندا ناهێنن. من دەڵێم ئەوانەی باس لە کێشە و ناسەقامگیریی دەکەن بیریانچۆتەوە کە بەهاری ئەوروپاش بەهەمان

شێوە دوورودرێژ و ئاڵۆز و هەندێک جاریش پڕ لە ئاژاوە بووە». پاشان لە کۆتاییدا دەڵێت: «کاتێکی دوورودرێـژ و ئـاژاوەش پێویستە هەتاوەکو خەڵک لە گرنگیی هەڵبژاردنی ئازادانە تێبگات، لە گرنگیی ڕێزگرتن لە ڕای زۆرینە و پارێزگاری لە کەمینەکان تێبگات... روخانی دیکتـاتـۆرەکان ئاسانە، بـەڵام ئـەوەی لەمە گرنگترە هێنان و جێکەوتکردنی ژینگەیەکەی کولتوورییە کە ڕێز لە ئازادی بگرێت».

فۆکۆیاما پێیوایە بەهاری عەرەبی بەڵگەیە لـەسـەر تـێـزەکـەی خـۆی کـە لـە کتێبەکەی پێشوویدا هاتووە (کۆتایی مێژوو)، کە بەپێی ئەو تێزە مرۆڤ بەپێی حەتمییەتێکی مێژووی دەڕوات، نـەوەک حەتمیەتی مارکسیستی (شۆرشی پیشەسازی، سەرمایەداری، حکومی بـۆرژوازی و چەوساندنەوەی پرۆلیتاریا، پاشان سۆسیالیزم، دواتـر کۆمۆنیزم، ئینجا پـوکـانـەوەی دەوڵــەت). بــەڵام حەتمیەتی مرۆییبوونی مێژوو تیۆرێکیە قەدەرگەراییە و پشتبەستە بە سروشتی ئینسان بۆ ئازادی و شکۆ و دادپەروەری.

لـەم کتێبەشدا فۆکۆیاما بۆچوونی خۆی نەگۆڕیوە. بەڵام دیقەتی خستۆتە سەر ئەوەی کە دیموکراسی خاڵی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤیشی هەیە. ڕەنگە فۆکۆیاما بیهەوێت بڵێت ئەوانەی دیموکراسییان ناهەوێت، واتـە ڕەخنەگران و نەیارانی بەهاری عەرەبی، پێویستە لە ئێستاوە و پێش ئـەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا بچەسپێت لـەوە تێبگەن، دیموکراسی کێشە و نارەحەتی خۆی هەیە و دەکرێت تووشی داخـوران ببێت (هـاوشـێـوەی دیموکراسییە خۆرئاواییەکان)، بەڵام هەرەس ناهێنێت، چۆن هەرەس دەهێنێت لەکاتێکدا بریتییە لە کۆتایی مێژوو؟

**مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم**

لـەم کتێبەدا فۆکۆیاما ڕەخنـەی خـۆی بۆ تیۆری پۆست مۆدێرنیزم دووبارە دەکاتەوە، باس لەوە دەکات تیۆرێکی نوخبەگەرا و تازە و ئەدەبییە و تیۆرێک نییە بۆ گەشەسەندنی ئـابووری و سیاسی. تیـۆری گەشەسەندنی ڕاستەقینە کاریگەری هەبووە و کاریگەریشی

دەبێت لەسەر ئەو پرسە گرنگانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانی گەلان هەیە: فەرمانڕەوایی، گەشەسەندن، جەنگ و ئاشتی.

لەبەرئەمە زۆر بە وردیی دەربارەی گەشەی بێشوومارى توانستە پیشەسازییەکان و سامانەکانی جیهان دەنووسێت لە ماوەی 200 ساڵی رابردوودا، هەم بەرەو باشتربوون، هەم بەرەو خراپبوون، وەک ئەو کەلێنە گەورەیەی لەنێو باشترین کۆمەڵگەکاندا ڕوویداوە (وەک دانیمارک بە نموونە)، هەروەها خراپترین کۆمەڵگەکان (کۆماری کۆنگۆی دیموکرات بە نموونە)، ئەمە کەمکردنەوە نییە لە بەهای هیچ گەلێک، بەڵکو ژیانی خودی هەر گەلێکی کردۆتە بنەما: خۆشبەختییەکەی، ئاسایشەکەی، سەقامگیرییەکەی، گەشبینییەکەی، گەشەسەندنەکەی.

فۆکۆیاما دەگەڕێتەوە بۆ حەتمییەتە مێژووییەکە و دەنووسێت کە گرنگترین شت بریتییە لە زنجیرەی مێژوویی، ئەوەش لەبەرئەوەی دیموکراسی لە سەرەتادا بەدینایەت، بەڵکو پێش ئەوە پێویستە سەرەتا

دەوڵەتێکی بەهێز هەبێت، لەبەرئەوەی گەل و جەماوەر کە دیموکراسی لە دەوڵەتێکی بێهێز و ناسەقامگیردا بەدیدەهێنن، شکستدەهێنن. ئاماژە بە دوو ناوچە دەدات لە جیهاندا:

یەکەم: ئەفریقیا، کە هیچ میراتێکی درێژی حکومداری و سەقامگیریی نییە، ئەوەش بەهۆی فەرمانڕەوایی خێڵەکان و بنەماڵەکان.

دووەم: خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە میراتێکی فەرمانڕەوایی بەهێزی تێدایە، بەڵام تووشی دارمان بووە. هێشتا لەناو میراتی پاشماوەی فەرمانڕەوایی خێڵ و بنەماڵەکاندا دەژی.

چارەسەر چییە؟ فۆکۆیاما لە ئەنجامگیرییەکانی خۆیدا دەڵێت: «ڕاڤەکردنی ئەوەی ڕوودەدات، لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێمەی تێداین، ڕەچەتەیەک نییە بۆ کێشەکانمان». ئاسانە گەلانی دیموکراتی خۆرئاوا ئەمە بە گەلانی جیهانی سێی نادیموکراسی بڵێن، بەڵێ ئاسانە بڵێن: «پێش دیموکراسی حکومەتێکی بەهێز پێویستە. پێویستە چاوەڕوانی زنجیرەی مێژوویی بکەین... ئەوەش لەبەرئەوەی ژیان لە دەوڵەتێکی بەهێزدا بەبێ دیموکراسی ژیانێکی

بێ نرخە. بە پلەی یەکەم ئەمە هۆکاری هەڵگیرسانی بەهاری عەرەبی بوو... دەمانەوێت لە سەردەمێکدا بژین کە دیموکراسی باشترین بژاردە بێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە سەرکەوتوو نابن، ئێمە لە سەردەمێکی پڕ لە ئاژاوەی توندا دەژین».

فۆکۆیاما پێیوایە کە هەموو گەلێکی نائازاد وەک منداڵێکی بچوک وەهایا کە باوکی دەیهەوێت فێری مەلەوانیی بکات. ئاسان نییە بۆی، تووشی ترسان و شڵەژان دەبێت، یاخود ڕەتیدەکاتەوە بیهەوێت فێربێت (یاخود تەنانەت ڕەنگە نقوم ببێت). بەڵام لە کۆتاییدا فێری مەلە دەبێت. لەم بارەیەوە دوو نموونە دەهێنێتەوە:

یەکەم: هیندستان. ئەو دەڵێت هیندستان بەهۆی مێژووە کۆلۆنیالییەکەیەوە دیموکراسی تێدایە، ئەمە وێڕای بوونی کێشەی بیرۆکراسییەت و لاوازیی حکومەتی ناوەندیی. ئێستاش دوای 50 ساڵ لە سەربەخۆیی، دەیەوێت کێبڕکێی چین بکات لە ڕاکیشانی سەرمایەگوزاریی جیهانیی.

دووەم: چین. سەبارەت بە چین دەڵێت، وێڕای سەرکەوتنی سەرمایەگوزارییە جیهانییەکان و

کێبڕکێ کردنی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک گەورەترین هێزی ئابووری لە جیهاندا، وێڕای میراتی حکومەتە بەهێزەکان، بەڵام دەوڵەتێکی ستەمکار و دیکتاتۆرە.

## شارستانێتی چییە؟

لە دەمی شیکارکردنی تیۆرییەکەیدا فۆکۆیاما ڕووبەڕووی ئەو دەستەواژانە دەبێتەوە کە لەناو خەڵکیدا بەربڵاون، بەڵام کۆک نین لەسەری. بۆ نموونە شارستانییەت ئەڵتەرناتیڤی سامان و هێز نییە. شارستانیەت تێکەڵەیەکە لە سامان و هێز و دیموکراسی. بەو مانایەی کە دەوڵەتە مۆدێرن و ساماندارەکان، کە خاوەنی دیموکراسییەتێک نین هاوشان بێت لەگەڵ شارستانیەتدا. بەڵام لەرووی شارستانییەوە لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان لاوازترن.

لە لایەکی دیکەوە پێویستە دەوڵەتە بەشارستانیبووەکان ئاسایشی دەوڵەت بخەنە پێش هەموو شتێکەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئاسایشی دەوڵەتی بەهێز بریتییە لە بنەمای دەوڵەمەندی و سامانداریی و یاسا و

ئایدیاکان. واتە ئەم گرانییە یاخود ئەستەمییە، بریتییە لە بوونی دیموکراسی لە غیابی ئایدیا دیموکراسییەکاندا.

فوکۆیاما مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکات کە سەرمایەداری یەکێکە لە ئایدیاکان، بەڵام بیرۆکەیەکی ئابوورییە، یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی ئازادی، لەبەرئەوەی کۆمپانیا و بانکەکان کەسێکی ئامادەکراو و شیاو و ڕێکخراو و خاوەن تموحیان دەوێت.

## پوکانەوەی سیاسی

دوای قسەکردن دەربارەی سیستەمی سیاسی، فوکۆیاما دەربارەی پوکانەوەی سیاسی قسەدەکات، کە لێرەدا مەبەستی لە دەوڵەتە خۆرئاواییەکانە، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. باس لە کیشەکانی دیموکراسی دەکات، ئەوەش دووبارە دەکاتەوە کە لەبەرئەوەی دیموکراسی کۆتایی مێژووە، ئەوا بە هیچ شێوەیەک هەرەس ناهێنێت، بەڵام تووشی پوکانەوە و داخورانی کاتیی دەبێت، یاخود ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی داخوران بێت.

ئەوەش لەبەرئەوەی لە ئەگەری نەبوونی شۆکێکی سیاسیدا، دەکرێت ئەرقەلە بۆ سیستەمی سیاسی دروستببێت (جەندێکیش ساماندار و ئازاد و بەهێز بێت). بەم شێوەیە وەک دەڵێن هەر ئەمەیە کە ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوودەدات. دوای ئاشتییەکی دوور و درێژ لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئەمریکیی ڕووەو دۆخێکی نێگەتیڤ دەڕوات. چیتر ئەمریکا بۆتە وڵاتێک فەرمانڕەواییکردنی زەحمەتە، ئەمە چۆن ڕوویداوە؟ پرسە یاساییەکان لە کۆمەڵە پرسێکی بچوکدا خۆیان دەبیننەوە، گەندەڵییە سیاسییەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە و کاریگەریی کۆمپانیا و بانکەکانی لەسەرە. بێمتمانەیی بەرامبەر دامەزراوە حکومییەکان ڕوویان لە زیادبوون کردووە (وەک بۆچوونی ئەمریکییەکان بەرامبەر کۆنگرێس). دەستەبژێر و لۆبییەکان کۆنترۆڵی سیاسەت و ئابووری و تەنانەت کولتووریان کردووە. خۆپەرستی و تاکگەرایی زیادیکردووە (بەهەمان شێوە ئەویش بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە).

بەڵام ئەو شۆکە چییە کە ئەمریکییەکان پێویستیانە بۆئەوەی لە خەوی خۆیان بەخەبەر بێنەوە؟ جەنگ لەگەڵ چین؟ فوکۆیاما داوای جەنگی ڕاستەقینە ناکات. بەڵام چاوەڕوان دەکات باڵادەستبوونی ئابووریی چین (کە چاوەڕوان دەکات زیادبوونی هێزە سەربازییەکەشی لەگەڵدا بێت)، وەها لە ئەمریکییەکان بکات لەو خەوە بەخەبەر بێنەوە.

لەبەرئەوەی کتێبەکەی بە بابەتی «بەهاری عەرەبی» کۆتایی پێدەهێنێت، دەڵێت یەکێک لە حەتمییەتە مێژووییەکان تەنها دیموکراسی نییە (واتە کۆتایی مێژوو)، بەڵکو کیشەکانی کۆتایی مێژووشە. مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر دیموکراسی ئەمریکی، دوای ئەم هەموو ساڵە، ڕووبەڕووی کۆمەڵە کیشەیەک ببێتەوە، چی پەیوەندیی بەو دیموکراسییەوە هەیە کە تەنانەت لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا هەر بەدیشنەهاتووە؟

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی شەرق ئەلئەوسەت

http://aawsat.com/home/article/196981

# فۆكۆیاما و كۆتایی مێژوو

وەرگێڕ: نیاز كەمال

بەم دواییانە فۆکۆیاما خۆی گومانی لە دروستیی تیزی «کۆتایی مێژوو» پەیداکردبوو، بەڵام هۆکارەکانی ئەو گومانەی فۆکۆیاما، جیاوازن لەو هۆکارانەی لەم وتارەدا باسیان دەکەین.

(سامویل هانتینگتۆن)ی هاوڕێی فۆکۆیاما باس لەوە دەکات کە چەندین مێژووی جیاجیا (Histories)ی مرۆڤایەتی هەن، بەڵام تەنها یەک مێژوویان بزوێنەری مرۆڤایەتییە، مێژوویەکی دێرین هەیە کە بە خواستی پادشا و میر و سەرۆکەکان دەجوڵێت، مێژوویەکی دیکەش هەیە بەهۆی ململانێی نەتەوەکانەوە دەجوڵێت، مێژووی سێیەمیش جوڵێنەرەکەی ململانێی ئایدۆلۆژیاکانە، کە ئەم مێژووەیان لەگەڵ کۆتایی جەنگی ساردا کۆتاییپێدێت، ئەو مێژووەی لەمڕۆدا مرۆڤایەتی بە هێزی پێکدادانی شارستانێتییەکان پێیگەیشتووە، وەک پێکدادانی نێوان ئیسلام و شارستانێتیی خۆرئاوا، دەگەڕێتەوە بۆ دیموکراسیی لیبڕالیستی.

فۆکۆیاما و زۆرێکی دیکە ئەم خوێندنەوەیە بۆ مێژوو قبوڵ ناکەن، لەو دەمەی مێژوو پەرەسەندنی پەیوەندیی مرۆڤ بە سروشتەوە دەگێڕێتەوە، ناکرێت گێڕانەوەکان جیاواز بن لەم پەیوەندییە. بەڵام، پێویستە لەسەری ناکۆک بێت لەگەڵ مارکسدا هەتاوەکو بگاتە هەمان ئەنجام کە هانتینگتۆن پێیگەیشتووە، کە ئەویش سەرکەوتنی شارستانێتی خۆرئاوایە بەسەر شارستانێتییە ناخۆرئاواییەکاندا، هەروەها بەرهەڵستیی مارکس دەبێت بە گۆڕانی ئەو بزووێنەرە مێژووییە دەستپێبکات، کە مارکس کەشفی کردووە، ئەویش ململانێی چینەکانە، بەڵام فۆکۆیاما دەڵێت مێژوو تاکە یەک بزووێنەری هەیە ئەویش میلیتاریزمە! بۆ سەلماندنی ئەم حەقیقەتە دەڵێت میلیتاریزم بەرئەنجامی بوونی دوو هێزی سەربەخۆیە: 1.زانستە سروشتییە مۆدێرنەکان، کە بەردەوامبوونی پێشکەوتنی مێژوو و ئاراستەکردنی ڕەوتەکەی لەئەستۆگرتووە، 2.خودئاگایی، کە دروستکەری ململانێیە لەپێناو داننان بە خوددا، کە ئەمەش جیاوازیکردنی هێگڵە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ.

فۆکۆیاما لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، کە ئەویش باس لە خواستی مرۆڤ دەکات بۆ سەروەری و دەسەلات؛ بەڵام دەکەوێتە هەڵەوە کە زۆرینەی ئاژەڵان خاوەن غەریزەیەکن بۆ ململانێ لەپێناو مانەوەدا، لەبەرئەوە شێرەکان پارێزگاریی لە سەروەریی ڕەهای خۆیان دەکەن لەناو دارستاندا، هاوشێوەی ئەوەی نێرەی هەندێک مەیموون دەیکەن. بەرانەکان لەگەڵ مەڕەکاندا شەڕەقۆچ دەکەن بۆئەوەی بیسەلمێنن کە ڕەگەزی باڵادەست و بەهێزن. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە فۆکۆیاما ساڵی 1992 ئەم تێزەی خۆی دەخاتەڕوو، لەکاتێکدا تازە یەکێتیی سۆڤیەت هەرەسیهێنابوو، کە بەهێزترین دەوڵەت بوو لەڕووی میلیتارییەوە.

خاڵی یەکەم بۆ دەستپێکی تێزەکەی فۆکۆیاما بریتییە لە گۆڕانی بزووێنەری ڕەوڕەوەی مێژوو، کە بریتییە لە ململانێی چینەکان، و گۆڕینی بە بزووێنەرێکی دیکە، کە ماکینەکەی بریتییە لە زانستە سروشتییەکان و کار لەسەر تایبەتمەندێتیی خەباتی مرۆڤ دەکات لەپێناو دانانان بە خوددا، ئەم بیرۆکەیە لەسەر کۆمەڵە

گریمانەیەک دامەزراوە، کە ناتوانن هۆکارەکانی لەپڕ ڕاوەستانی ئەم بزووێنەرە ڕاڤە بکەن لە خاڵێکی دیاریکراودا، تەنها مەگەر دوای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵایەتی و لەڕیشەدەرهێنانی. ئەگەر بزووێنەرەکەی فۆکۆیاما، بزووێنەرێکی ڕاستەقینەی ڕەوڕەوەی مێژوو بێت، ئەوا ئەم ڕەوڕەوەیە تەنها لەسەر یەک هێڵی ڕاست دەڕوات بەبێ ڕاوەستان، قۆناغبەندییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بەم پێیە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ساڵانێکی زۆری مرۆڤ لەژێر سایەی سیستەمی کۆیلەدارییدا، دواتر پەڕینەوە بۆ سیستەمی فیودالی و دواتریشوو بۆ قۆناغی سەرمایەداری، کە بە مێرکانتالیزم دەستپێدەکات. لە هەموو سەردەمێکدا دوو چینی جیاواز دەردەکەون، کە تاڕادەیەک پێشینەیەکیان هەبووە، چینێکی باڵا فەرمانڕەوایی دەکات و چینی خوارەوەش هەژارە و لەلایەن چینێکی دیکەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت. ئەگەر زانستە سروشتییەکان هۆکاری قەیرانەکانی ناو ڕەوتی مێژوو بن، بەڵام زانستەکان بە هیچ جۆرێک ڕەنگدانەوەی قەیرانەکان نین. لە هەلومەرجێکی

لەم شێوەیەدا هەرەسی ئیمپراتۆریەتەکان بە هیچ شێوەیەک ئەگەرێکی کراوە نەبوو، بەو شێوەیەش ئەمڕۆ جیهان لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا دەژیا، تەنانەت لەژێر ئیمپراتۆریەتەکانی فارسی و ئاشوریدا.

فەیلەسوفە پۆستمۆدێرنە نەیارەکانی مارکس، ئەوانەی هەوڵی پوچەڵکردنەوەی فەلسەفەکەی مارکس دەدەن «ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی»، زۆرینەیان باوەڕیان بەوە هەیە مەعریفە بزووێنەری مێژووە، وەک فۆکۆیاما سەبارەت بە زانستە سروشتییە مۆدێرنەکان دەیڵێت. لایەنگرانی فۆکۆیاما باس لە «ئابووریی مەعریفە» دەکەن، بە پێچەوانەی مارکسەوە کە پێیوابوو کارکردن سەنتەرە، ئەمان پێیان وایە مەعریفە سەنتەرە. هاوتا لەگەڵ ئەم تێزانەدا فۆکۆیاما دان بەوەدا دەنێت کە مرۆڤ تەنها گیاندارێکی ئابووری نییە، بەڵکو گیاندارێکی خودئاگایە، واتە خاوەن خۆ بەگەورە زانینە و کار لەسەر دەسەڵاتدارێتیی بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەکات. لێرەوە فۆکۆیاما دەگەڕێتەوە بۆ تێزی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان،

کە باوەڕیان وایە دواجار خودا مرۆڤی لە باشترین شێوەدا دروستکردووە، یاخود لەسەر شێوە و نموونەی خۆی بە تەواوی ئاگاییەوە. لێرەوە لە دووانەی بەرهەمهێنان/مەعریفە دووردەکەوێتەوە، کە جەخت لە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی دەکاتەوە لەنێوان بەرهەمهێنان لەلایەک و مەعریفە لە لایەکی دیکەوە، هەروەها مەعریفە بوونی نابێت ئەگەر بەرهەمهێنان نەبێت، کە دایک و باوکیەتی، مەعریفە تەنها لە میانەی فراوانبوونی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنییەوە فراوان دەبێت.

فۆکۆیاما خودئاگایی لەناو مەیلی ئۆتۆریتە و دەسەڵات بەسەر ئەوی دیکەدا دەبینێتەوە، بەم مانایەش پرەنسیپەکەی هێگڵ ڕاڤە دەکات «ململانێ لەپێناو داننان بە خوددا». گومان لەوەدا نییە کە عەقڵ ئامرازێکە بۆ خەباتی مرۆڤ لەپێناو مانەوەدا، نەک خەباتێک لەپێناو ئۆتۆریتە و دەسەڵاتدا. ئاژەڵانیش کە هیچ ئاگاییەکیان نییە، لەپێناو ئۆتۆریتە و دەسەڵاتدا ململانێ دەکەن، شێر ناتوانێت شێرێکی دیکە قبوڵبکات، بەرانەکان لەپێناو کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی

دەسەڵات بەسەر مەڕەکاندا شەڕ دەکەن، بە هەمان شێوەی هەنێک نێرەی مەیموون.

ویڕای ئەوەی کۆمۆنیزم سەرجەم لێکدژییەکانی نێوان مرۆڤ و برا مرۆڤەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام مارکس لەو باوەڕەدا نییە کە ئەوە کۆتایی مێژوو بێت. بەڵام فۆکۆیاما بەپێچەوانەی مارکسەوە، باوەڕی بەوەیە کە سیستەمی سەرمایەداری یاخود «ئابووریی بازاڕ»، کە ناوە نمایشییەکەی ئەم سیستەمەیە، لەگەڵ جمکەکەیدا «دیموکراسیی لیبراڵیستی»، بریتیین لە کۆتایی مێژوو. بەڵام چۆن دەتوانێت ئەم دووانەیە وەک کۆتایی مێژوو دابنێت، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە پێکهاتەی بزووێنەری تایبەتی مێژووی دانەنابێت، کە بەشێکی مێژووی شەڕەکانە و بەرجەستەبوونی مەیلی مرۆڤە بۆ ئۆتۆریتە و دەسەڵات. بەڵام کە جەنگەکان کۆتاییان هات بە قەولی فۆکۆیاما مێژووش کۆتاییدێت. زانستە سروشتییەکان بەرەو پێشەوە چوون و چەکی کۆکوژ داهێندراوە، کە ڕێگەی شەڕکردنی لە شەڕکەرەکان گرتووە، بەوەش خواستی مرۆڤی بۆ ئۆتۆریتە و دەسەڵات پەکخستووە و دواجار

دیموکراسیی لیبرالیستیشی پەکخستووە. بەم ئایدیا ساویلکانەیە فۆکۆیاما لە کاتێکی درەنگدا باس لە کۆتایی مێژوو و نەمریی سەرمایەداری دەکات، دوای ئەوەی سەرمایەداری لە ساڵی 1975 بەدواوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە و سەرجەم چوارچێوەکانی خۆی دەگۆڕێت، بە جۆرێک کاری خزمەت و کاری دەستی جیاوازییەکی گەورەیان لەنێواندا دروستدەبێت، تا ئەو ڕادەیەی هەندێک جار یەک کاتژمێر کارکردن لە بەرهەمهێنانی خزمەرگوزاریدا، یەکسانە بە هەزار هێندە لە بەهای کارکردنی یەک کاتژمێر کارکردن لە بەرهەمهێنانی کاڵادا. سەرجەم یاسا و ڕێساکانی بازاڕ هەڵوەشانەوە، هەر ئەمەشە چینی ناوەڕاستی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی شانازی بە «ئابووریی مەعریفە»ـەوە بکات لەبری «ئابووریی بازاڕ».

ئەو لێدانە کوشندەیەی درا بە سەری تێزەکەی فۆکۆیامادا «کۆتایی مێژوو»، و پێش لەدایکبوونی بە مەرگ سپێردرا، بریتییە لە مایەپوچبوونی «سیستەمی باڵادەستی ئێستا» لە وڵاتە خۆرئاواییەکان، لە نموونەی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە فۆکۆیاما وەک سیستەمی «دیموکراسیی لیبرالیستی» و «ئابووریی بازاڕ» نیشانیدەدات، بەڵام لە ڕاستیدا نە سیستەمە و نە دیموکراسیە و نە لیبرالییە، نە ئابوورییە و نە بازاڕیشە.

# فرانسيس فۆكۆياما:
## ئەگەر خەمی من دەركەوتنی زۆر بێت لە میدیادا، دڵنیابە كە نابمە خاوەنی هیچ توێژینەوەیەكی جددی

ئا: لاواند عەلی

فرانسیس فۆکۆیاما بیریاری ئەمریکی بە ڕەگەز ژاپۆنی، کە کتێبی "کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ» کە لەساڵی 1992نوسی، ئەم کتێبە بووە مایەی قسەوباس و گفتوگۆ، جگەلەمەش بووە مایەی هێنانەئارای کۆمەڵێک چەمکی نوێ و ڕوانی جیاواز، لەم دیلۆگەدا تیشک دەخەینە سەر هەندێک لە بۆچونەکانی.

*** کۆتایی مێژوو چی بوو؟**

–بێگومان کۆتایی مێژوو وەک دەستەواژەکە هی من نییە، بەڵکو لە هیگڵەوە وەرگیراوە و زۆر بەربڵاوتریش لای کارڵ مارکس بەکارهاتووە. هیگڵ یەکەمین فەیلەسوفی مێژووناسە، کە مێژووی مرۆڤایەتی وەک پرۆسەیەکی گەشەکردنی پێکەوەلکاو تێگەیشتووە. هیگڵ ئەم گەشەکردنەی بینی بەو پێیەی گەشەکردنێکە لە عەقڵی مرۆڤەوە ئەدۆزرێتەوەک کە دواجار ئەبێتە هۆی فراوانبوونەوەی چوارچێوەی ئازادی لە جیهان. مارکس بیردۆزێکی زیاتر ئابورییانەی خاکی هەبوو. بینی کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و گەشەکردن لە مرۆڤی سەرەتاییەوە بۆ ڕاوچی

و بۆ کشتوکاڵ کردن و ئینجا بۆ پیشەسازیی. بەو شێوەیە کۆتایی مێژوو و بیردۆزی بەمۆدێرنەکردن ئەو بابەتەی وروژاندک کە کرداری بەمۆدێرنەکردن دواجار لە کوێدا ڕوو ئەدات.

*** گرنگترین ڕەخنەلە«کۆتایی مێژوو» پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟**

– گرنگترین ڕەخنەلە«کۆتایی مێژوو» پەیوەندی بە بەپرسی مەسەلەی دیموکراسیەوەهەیە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، کاتێ دەربارەی دیموکراسی لیبراڵیم نووسی، کەشێوەی کۆتایی حکومەت دروستدەکات، من دەربارەی دیموکراتی لەسەر ئاستی دەوڵەتی ناسیونالیستی دەدوام. قەت نەمئەتوانی دەرفەتی دامەزراندنی دیموکراسییەکی جیهانی بهێنمەپێشچاوم، کەئەرکییەتی فەرمانڕەوای دەوڵەتی ناسیونالیستی لەمیانی یاسایی نێونەتەوەییەوەببەزێنێت.

*** ئێوە بە پێچەوانەی زۆربەی نووسەران و ڕاڤەکارانی ئامریکایی،گەشبین نەبوون بە ”بەهاری عەرەبی“ بۆچی؟**

– ڕاستە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەوروپا بکەین دەرک بەوە دەکەین کە دیموکراسیی ماوەیەکی زۆری ویستووە بۆ ئەوەی بچەسپێت. پاش تێپەڕینی سەد ساڵ یان تێپەڕینی بەشێکی زۆری سەدەی نۆزدە، ئینجا کار گەیشتە ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن سەقامگیر و سروشتیی بێت، خەڵکی بە ڕێگەیەکی ئازادانە دەنگ بدەن. دەبێ هیچ کەسێ نەکەوێتە وەهمی ئەوەی کە دامەزراندنی سیستمێکی کارای دیموکراسیی کارێکی ئاسانە و دەکرێت لە ماوەی تەنها شەوێکدا بێتە دی. بەتایبەتی بۆ ناوچەیەک کە مێژوویەکی دیموکراسیی وەهای نییە، کە یارمەتیدەری بێت لەم گۆڕانکارییەدا. دیموکراسیی پێویستی بە چەندین حزبی سیاسیی، دادوەریی سەربەخۆ و حوکمی یاسا هەیە و سەرجەمی ئەم شتانەش لە ناوچەکەدا بوونیان نییە، بۆیە پرۆسەکە پێویستی بە وەختی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی گەشە بکات.

*** باست لەوە کردووە دیموکراسیی وەك سیستمێکی سیاسیی دەبێ پێش لیبرالیزم بکەوێت،**

**دەڵێیت وڵاتی چین لە داهاتوودا پێویستی بە شتێکی وەها هەیە. ئەی دەربارەی جیهانی عەرەبی  چی ؟**

– لـە ڕاسـتـیدا گـەر بگـەڕێینـەوە لای ئەوروپا، دەبینین بە خێرایی نەگۆڕدراوە بۆ دیموکراسیی، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرە بەرەیی بووە. لەوێ چەندین ململانێی ئاینی لە ئارادا بوون، ئەم ململانێ ئاینیانە ئەو کاتە کۆتاییان هات، کە بەشەڕهاتووانی ئاینی، هەستیان کرد بەردەوام بوونی هەتا هەتایی ئەم شەڕ و شۆڕە کارێکی دژوارە. سەبارەت بە وڵاتی چین و جیهانی عەرەبییش، ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە بۆ ئەوەی بەو قۆناغەدا تێپەڕن، دەبێت بگەنە قەناعەتێکی وەها .. بەڵام ئایا ئەوە دەکەن،یان نایکەن ؟ ئەوەیان نازانم.

*** ئیخوان موسلیمین گومانی خۆی لەبارەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی ئەوروژێنێت. ڕەخنەی ئـەوەی لێدەگرێت، ئـەم پرەنسیپانە تەنها وەك هۆیەك بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە دەسـەڵات. بۆ نموونە لە میسر ترسی ڕاستەقینە لە ئارادایە لەو هەوڵە ئیخوانییانەی کە دەیانەوێت میسریش بکەنە کۆمارێکی ئیسلامیی، وەك ئەوەی لە ئێران ڕوویدا ؟**

– له ڕاستیدا ئەو ئاماژانەی که سەبارەت بە ئیخوان موسلیمین له میسر لەبەردەستدان، ئاماژە گەلێکن، دڵخۆشکەر نین. پێناچێت ئەوان مەیلی بەشدارییکردنیان لەگەڵ ئەوانی دی (هێزە سیاسیەکانی دی – وەرگێڕی کوردی) هەبێت، بەڵکو تموحی گرتنه دەستی تاکلایەنەی دەسەڵاتیان له ڕێی هێزەوە هەیە. بۆ نموونه ئێمە کاتێک باس له دەستوور دەکەین، گرنگه هەست بەوە بکەین که دەستوور بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە و جیاوازە له پرۆسەی هەڵبژاردن، که ئەمیان بۆ خۆی پرۆسەیەکه تیایدا هێندە بەسە تۆ لەسەدا پەنجا و یەکی ڕێژەی دەنگەکان ببەیتەوە، بۆ ئەوەی هەندێک بڕیاری دیاریکراو دەربکەیت، بەڵام دەستوور جیاوازە، چونکە دەستوور ڕەنگدانەوەی خواستەکانی هەمووانە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە له دانانی دەستووردا پێویستە ڕاوبۆچوونی کەمینەکان بەهەند وەربگریت و دەرگای دیالۆگ و پرس و ڕاوێژکردن و هاوکارییکردن لەگەڵ ئەوانی دی بکەیتەوە، بەڵام پێدەچێت کەسایک که لەناو ئیخوان موسلیمیندان ئامادەی

جیبەجێکردنی ئەم مەسەلانە نەبن، بەڵکو دەیانەوێت شێوازورێچکەی خۆیان لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی دەستووردا بسەپێنن.

*** گەلێك پرس وەك ئازادیی تاك و ئازادیی ڕادەربڕین، یان ئازادیی عیبادەت، ئەمانە پرسگەلێکن، لەسەر بنەمای ئەو بیرکردنەوە مەدەنییە بنیاتنراون، کە خۆداخرانی ئاینیی و تایەفیی تێپەڕاندووە، پێتوایە کە بەرپاکردنی ڕیفۆرم، یاخود نوێبوونەوەیەکی ئاینی بایەخ و نەخشی خۆی دەبێت لە ڕێخۆشکردن بۆ جۆرێك لە ژیانێکی دروستی دیموکراسی ؟**

– دەکرێت ئاین بە چەندین ڕێگە و شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر شیبکرێتەوە. شێوازی زۆر توندڕەوانەش بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئاین هەیە، بێگومان تاکە شێواز نییە. ئەگەر تۆ بچیتە مالیزیا، یان ئەندەنوسیا لەو شوێنانە تێگەیشتنێکی جیاواز بۆ ئاینی ئیسلامیی هەیە، تەنانەت لە ناو جیهانی عەرەبییدا چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەن. ئەوەی گرنگە بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی عەمەلییانە دەربارەی ئەم پرسە. لە ئێستادا، هەرکەسێک و باوەڕی (ئیمان )ی هەرچییەک بێت، لە دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگدا

دەژی، دنیایەک تیایدا کەسانی تریش هەن و خاوەنی وێناکردنێکی جیاوازن لە ئاین، بۆیە ئەوەی داوادەکرێت بریتییە لە پێکهێنانی کۆمەڵێک،یان جڤاتێک کە پێکەوەژیان قبوڵبکات بە بێ پێکدادان و شەڕوشۆڕ. وەک پێشتریش وتم، بیروباوەڕی لیبرالیزم لە ئەوروپا دوای زنجیرەیەک ململانێی توند و سەختهی ئاینیی سەریهەڵدا، دوای ئەوەی کە سەرکردە ئاینییەکان و شەڕکەران لەوە دڵنیابوون، کە ئیدی شەڕوشۆڕ کارێکی بێهودەیە و لە کوشت وکوشتار زیاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە، بۆیە دەبێ و پێویستە کۆمەڵ، کۆمەڵێکی لێبوردە بێت و باوەش بۆ هەمووان بگرێتەوە..

*** ئێستا سوریا گەورەترین گرفتی ناو جیهانی عەرەبییە و ئیدارەکەی ئۆباماش هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەقینەی نەبینیوە بۆ ڕاگرتنی ئەم گرفتە. ڕەخنەی زۆر لە هەڵوێستی ئامریکا دەگیرێت سەبارەت بەم پرسە ؟**

– ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات کارەساتێکی ڕاستەقینەیە. من پێموایە کە ئیدارەکەی ئۆباما بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست دوودڵ

و ئەندێشمەندە (متوجس) ە لە مەسەلەی دەستوەردانە کێشەی سوریا. دەبوو ئۆباما پشتگیری هەوڵی دەوڵەتانی کەنداوی بکردایە بۆ وەلانانی ئەسەد (بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا – وەرگێڕی کوردی). جێی داخە هەتا کێشەکە درێژتر بخایەنێت، بارودۆخ خراپتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی و ململانێ ناوخۆییەکان تەنانەت دوای لابردنی ئەسەدیش. لە ڕاستیدا سوریا لە وەها بارودۆخێکدا دەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل و، ئەمەش بارێکی مەترسیدارە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** نهێنیی دوودڵییەکەی ئۆباما لە چییدایە ؟ ئەم باسە زۆرێك لە ڕاڤەکارە سیاسییەکانی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا توشی سەرسوڕمان کردووە. کەس داوای هاتنە ناوەوەی ئەمریکای نەکردووە، بەڵکو ئەوەی داوا دەکرێت بریتییە لە سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین و، پێدانی چەك بە سوپای ئازاد ؟**

– پێموایە هۆیەکەی تەنیا بۆ حاڵەتی ئەو دوودڵییە زیاد لە پێویستە دەگەڕێتەوە، کە ئیدارەی ئۆباما هەیەتی، ئەم حاڵەتەش لە ئاکامی

داگیرکردنی عێراق و شـەڕی ئەفغانستانەوە پەیدابووە. ئۆباما پێی وایە کە لەسەر ئامریکا پێویستە خۆ بەدوور بگرێت لە دەستێوەردانی سەربازیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بـەڵام بە بـڕوای مـن ئـەمـە هـەڵـەیە، چونکە ئـەم ڕووداوانــە لە مەودایەکی دووردا گەلێ کاریگەریی قووڵ لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە جێدەهێڵن و، ئەمەش زیان بە بەرژەوەندیی ئـەمـریـکـا دەگـەیـەنـێـت. پـێـویـسـتـە لـەسـەر ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تاڕادەیەک ڕۆڵی سەرکردایەتییانەی خۆی لە جیهاندا ببینێت و، ئـەو پێشبینییە ئەخلاقیانە جێبەجێ بکات کە لێی چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام بە داخەوە ئەمەی دەیلێین لە ئێستادا سەبارەت بە سوریا جێبەجێناکرێن.

*** بۆچونت سەبارەت بە هەڵوێستی هەر یەك لە چین و ڕوسیا چییە ؟**

– هەڵوێستی ڕووسـەکان تەنها ئەوەیە، کە نایانەوێت وەبەرهێنانە کۆنەکانی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا لەدەستبدەن، سەرەڕای هەڵوێستی دژە ئەمریکایان. ئەگەر بێتەوە بیرت،

پۆتین زۆر لە سەرۆکی ڕووسی میدڤێدیڤ توورە بوو، ئەو کاتەی ڕەزامەندی نواند بەوەی هێزەکانی ناتۆ دەست وەربدەنە کێشەی لیبیا و ڕژێمی قەزافی بڕوخێنن. تەنانەت ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە مەیلی گەڕانەوە سەرکاری پۆتینی وەک سەرۆکێک و لابردنی میدڤێدیڤی زیاتر کرد. پۆتین نایەوێت جارێکی تر بەو بڕیارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی بێت، کە ئەووپا و ویلاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پشتگیرییان دەکەن، بۆیە لەم بارەدا سوریا ڕۆڵی لەمپەر، یان پەکخەر دەبینێت. ئەمە وێڕای هەبوونی ڕووسیا لە ناو خودی سوریا و تەنانەت لەسەر ئاستی پەیوەندیی شەخسییش.

*** بەراوردێکت لەنێوان میسر و لیبیا کردووەو جەختت لەسەر ئەوە کردبوو، هەلی سەرکەوتنی میسر بۆ گۆڕان بەرەو دیموکراسیی زیاتر ڕەخساوە وەك لە وڵاتی لیبیا. ئەوەشت گەڕاندۆتەوە بۆ هەبوونی شوناسی سیاسیی و، هەروەها کۆنیی دەوڵەتی میسر. ئەوەی ئاگای لە هەواڵەکان بێت، دەبینێت کە ڕووداوەکان ڕێڕەوێکی جیاوازیان گرتووە و تا ڕادەیەکیش مایەی ڕەشبینین ؟**

– ئەمە ڕاستە و پێدەچێت ڕووداوەکان بە خراپیی پەرە بسێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە میسر دەوڵەت هەیە بە پێچەوانەی ئەوەی کە قەزافی بەدرێژایی چوار دەیەی زەمەنیی کردی و هەموو داوودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتی وێرانکرد. وەلێ ئەوەی لە میسر تێبینی دەکرێت، یەکێکە لە گرفتە پەککخەرەکان، ئەوەیە کە پێکهاتن و ڕێککەوتنێک نییە لەسەر شوناسی سیاسیی ( شوناسی سیاسیی هەیە، بەڵام پێکهاتن نییە لەسەری – وەرگێڕی کوردی). ئیخوان موسلیمین نوسخەیەکی جیاوازی ئەم شوناسەیان لایە، جیاواز لەوەی لای ڕەوتە لیبرالییەکان هەیە.

*** ئیدارەی ئۆباما گرەو لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەگەر بێتو ئیخوان موسلیمین لە پرۆسەی سیاسییدا بەشداربکرێن، ئەوا دێنە پای واقیعییەت و، دەستبەرداری سەپاندنی ئایدیۆلۆژییە ئوسوڵگەرا شمولییەکی خۆیان دەبن، بەڵام پێناچێت ئەمە نزیك بێت لە ڕاستییەوە. لە واقیعدا نزیکبوونەوەیەکی زیاتر لە نێوان ڕەوتی سەلەفیی و ڕەوتی ئیخوانییدا هەیە لە میسر؟**

– ڕەوتـە ئاینییەکان ناکرێت هـەروا لە خۆیانەوە دیار نەمێنن و بڕۆن. لای خۆیشیەوە ئەمریکا ناتوانێت هیچیان لەگەڵدا بکات، ئەوە نەبێت کە هانیان بدات زیاتر کراوە و لیبراڵ بن.

*** بـەردەوام ڕەخنەی ئەوە لە کشانەوەی خێرای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگیرێت لەو وڵاتانەی کە دەستێوەردانیان تێدا دەکات، بە بێ ئەوەی بەشداری بکات لە گێڕانەوەی سەقامگیریی بۆیان، یاخود یارمەتیدانیان بۆ بنیاتنانی داوودەزگا ودامەزراوەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی دروست و سەقامگیر. ئەمە دەڵێم و من بیر لە عێراق دەکەمەوە ؟**

– پێویستە ئامریکا لەسەرەتادا وریایی بنوێنێت لە مەسەلەی دەستێوەردان، بەڵام ئەگەر ئەوەشی کرد و چووە وڵاتێکەوە، ئەوا پێویستە ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی وڵاتەکە بدات لە بنیاتنان و گێڕانەوەی سەقامگیریی. وەلێ ئەوەی پەیوەندیی بە عێراقەوە هەیە، بە پێی ئەو دانوستانەی لە نێوان هەردوو حکومەتدا هەبوو، هیچ هەلێک بۆ ئامریکا نەمابۆوە بۆ مانەوە. جگە لە کشانەوەی خێرا هیچ بوارێک لەبەردەم ویلایەتە یەککگرتووەکاندا نەمابوو.

*** ئەی دەربارەی ئەفغانستان چی دەڵییت ؟**

– ئەفغانستان کێشەیەکی جیاوازە. لەوێ وڵاتەکە پێویستی بە هەبوونی ئامریکایە. لە واقیعیشدا ئێستا گفتوگۆی ئەوە لە ئارادایە کە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تەواویی بکشێتەوە یاخود ئامادەبوونێکی سەربازیی زۆرتری هەبێت. من هیوام وایە کە هێزەکانی ئامریکا لەوێ بمێننەوە بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە سەقامگیریی وڵاتەکە بکەن.

*** بۆچی دوای ڕووداوەکانی 11 ی سێپتەمبەر، جختت لەسەر بنیاتنانی نەتەوەکان کردەوە؟**

–ئەوە بابەتێکی ئیختیاریی نەبوو. دوای چوونی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان و عێراق، مەسەلەی "دەوڵەتی فاشیل و بنیاتنانی نەتەوەکان" سەرقاڵی کردم. بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە بووە کارێکی حەتمیی لەگەڵ هەوڵدانە دووبارە و بەردەوامەکان بۆ سەرخستنی ئەم دەوڵەتانە، بەڵام سەرپاکی ئەم هەوڵدانانە سەرکەوتنیان بەدەستنەهێنا، بۆیە یەک بە خۆم، بیرکردنەوە لە هۆکارە قووڵەکانی ئەم فەشەلە، بووە کارێکی پێویست.

*** مشتومڕو ناکۆکی لەنێوان ئیسلام و پەرەسەندنی دیموکراسی نوێ چیە؟**

دووای هێرشەکانی یانزەی ئەیلولی 2001 بەتایبەتی خەڵکانێک مشتومڕی ئەوەیان بوو، کە ناکۆکییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئیسلام وەکو ئاین و بواری پەرەسەندنی دیموکراسی نوێ هەیە. گەر بڕوانیتەسەرتاپای جیهان جیاوازی بەرفراوانی موسوڵمانەکان ئەبینی بۆ شێوازی گشتی ئەو گەشەکردنە دیموکراسییەی کەلەئەمریکای لاتین و ئەوروپا و ئاسیا و لەباشووری بیابانی ئەفریقیا دایە، هەربۆیەخەڵک مشتومڕی ئەوەیان بوو کە لەوانەیە گەلێک شت هەبن لەبیروباوەڕی ئیسلامی وەکو یەکێتی ئاین و دەوڵـەت وەک ئاستەنگێکی کلتوری کەبەبڵاوکردنەوەی دیموکراسی ناتوانرێ زاڵ بیت بەسەریاندا.

*** گەرچی تۆ سەر بە کۆمارییەکانیت، کەچیلە هەڵبژاردنەکانی 2008 دا دەنگت دا بە ئۆباما. ئەی لە هەڵبژاردنی دواتر دەنگت بە کێ دا ؟**

– دیسان دەنگمدا بە ئۆباما.

*** بۆچی ؟**

– پێموایە کە حزبی کۆماری زیاتر مەیلی بەلای ڕاستڕەوییدا بشکێتەوە ، پاشان زۆر لەو هەڵوێستانەی کە حزب دەیاننوێنێت، لەگەڵ بیروڕای مندا یەک ناگرنەوە،ئیدی بۆچی دەنگیان بۆ بدەم ؟!

***کۆتایی مێژوو و دواهەمین مرۆڤ" کتێبێکی بەناوبانگە، تیایدا ئەوەت خستۆتەڕوو، کە مێژوو لە قۆناغی لیبرالیزمی سەرمایەدارییدا کۆتاییدێت. کەچی لە دوا کتێبتدا "ڕەگ و ڕیشەی سیستمی سیاسی" وێنەکە ئاڵۆزتر دێتە بەرچاو. دەڵێیت هێزی دەوڵەت و حوکمی بەهێزی یاسا و پارلەمانی بەرپرس، هەموویان پێکەوە نابن، واتە دیموکراسییەتی سەرکەوتوو و کارا، بە ئاسانیی دەستەبەر نابێت ؟**

– بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام دەشێ لە سەمتێکی (سیاقێکی) دوورودرێــژی پەرەسەندندا ئەم ڕەگەزانە دەستەبەر ببن. لە ڕاستییشدا گەیشتن بەوێ ( بەو سیستمە سیاسییە– وەرگێڕی کوردی ) کارێکی سەختە.

*** تۆ و هەنتگتۆن لە گەشەکردنی جیهان وەك یەکن، یان جیاواز؟**

-هەنتگتۆن «پێکدادانی شارستانەکان و دووبارەدروستکردنەوەی سیستمی جیهانی» ئەشێ زیادەڕۆیی بکرێ لەو ئاستەی کە ئێمە لێکدانەوەی جیاوازمان هەیە بۆ جیهان. هاوڕام لەگەڵیدا لەو تێڕوانینەی کە کلتور توخمێکی هەرگیز لەناونەچووی کۆمەڵگاەمرۆڤایەتییەکانە وە ناکرێ سیاسەت و گەشەکردن تێبگەی بەبێ ئاماژەکردن بە بەهای کلتووری.

بەڵام ئەوەی جیاماندەکاتەوە ئئەوەیە ئایا بەها و دامودەزگاکان کە شانبەشان گەشەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا گەشەیان کردووە، ئەشێ جیهانی بن ( وەک مارکس و هیگڵ لەوبڕوایەدان) یان ئاسۆی کلتووری سنووریان بۆ دائەنێ( وەک لەگەڵ بۆچوونی فەیلەسوفەکانی دواتردا کۆکە چەشنی فریدریک نیتشە و مارتین هایدگەر). سامۆیڵ هەنتگتۆن بەئاشکرا ئەوە ئەبینێ کە جیهانی نین و مشتومڕی لەسەر ئەوە ئەکات  ئەم جۆرە لە دامودەزگای سیاسی کە ئێمە لە خۆرئاوا پێی ئاشناین، بەرئەنجامی جۆرێکی تایبەتە لە کلتووری خۆرئاوای مەسیحی و ئەوروپی و هەرگیزیش لە پشت سنوورەکانی ئەو کلتوورەوە ڕەگ داناکوتێ.

*** بۆچی ئامادەبوونی تۆ لە میدیادا ئەوەندە کەمە؟**

– ئەگەر خەمی من دەرکەوتنی زۆر بێت لە میدیادا، دڵنیابە کە نابمە خاوەنی هیچ توێژینەوەیەکی جددی.

# فۆکۆیاما: ڕووسیا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە دیموکراسی دوور دەکەوێتەوە

وەرگێڕانی: جەواد حەدەری

فۆکۆیاما بیرمەندی ئەمریکی بۆچوونی خۆی لەسەر دۆخی ڕووسیا، هەروەها دیموکراسی لەو وڵاتە دەخاتەڕوو.

فۆکۆیاما پێموایە بە تێپەڕبوونی زەمەن، ڕووسیا لەمەی ئێستاش خراپتر دەبێت و بەرەو نادیموکراتیک بوون دەڕوات. لەو وڵاتەدا ڕکابەری و ململانێی ئازاد بۆ هێزە سیاسییەکان نییە و وای لێهاتووە، کە لەڕووسیا ئازادی ڕادەربرین نەمێنێت، ئەو کات ئیتر ئازادی زانیاری مەفهومێکی نامێنێت. فۆکۆیاما پێیوایە وڵاتی چین وەک ڕابردوو کار ناکات و لە 10 ساڵی ئایندەدا چین ڕێگایەکی سەخت و دژواری لەبەردەمدایە و پێناچێت بتوانێت مۆدێلێکی باشی بۆ جێگرەوەی دیموکراسی ڕۆژئاوایی پێ بێت. پێیوایە ڕووسیا حەزناکات دیموکراسی ڕاستەقینە لەلایەن دراوسێکانییەوە پەیڕەو بکرێت چونکە بە زیانی خۆی دەزانێت.

ئەو بیرمەندە ئەمریکییە پێیوایە، چینی مامناوەند لە هەموو جیهاندا ڕەفتارێکی هاوشێوەیان هەیە، هەربۆیە باوەر ناکات

چینی مامناوەندی بیلارۆس و ڕووسیا و چین و بەرازیل و تورکیا پێکەوە جیاوازییەکی بنەڕەتیان هەبێت.

***ئێوە کام پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەك گرنگترین و دیاریترین پرۆسە بۆ داهاتووی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیا لەبەرچاو دەگرن؟**

- بەڕای من بە داخەوە ئەوەی کە ئا ئێستا ڕوویداوە شتێکی پۆزەتیف و باش و چاک نەبووە ، بۆ نموونە هەر لە ڕووسیا لەو کاتەوە کە ڤلادیمێر پۆتین وەک سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردراوە ئێمە بە ڕوونی دەبینین، کە ئەو وڵاتە لەدیموکراسی دوور دەکەوێتەوە و پێشموایە هەتا زەمەن بەرەو پێشەوە بڕوات ڕووسیا بەرەو وڵاتێکی نادیموکراتیک دەڕوات. لەڕووسیا زەمینەی لەبار بۆ ڕکابەری و پێشبڕکی و ململانێی ئازاد بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکان لەبار نییە ودەتوانین بڵێن هەر نییە، ڕووسیا وای لێهاتووە کە لەو وڵاتەدا ئازادی ڕادەربڕین نییە و ئازادی زانیاری لەڕووسیا شتێکی بی مانا و بێ مەفهوومە. بارودۆخی ئۆکرانیا مرۆڤ بێ هیوا و بی ئۆمێد دەکات،

چەند ساڵ لەمەوپێش ئۆكرانیا دەرفەتێكی باشی بۆ هەڵكەوت، بۆئەوەی دەستی بگات بە دیموكراسی ڕاستەقینە، بەڵام ئەو هەلەی لە دەستدا و لە ساڵی 2010 كە ڤیكتۆر یانۆكۆیچ لە هەڵبژاردنەكانی ئەو وڵاتەدا سەركەوت دەریخست كە هێشتا لەو وڵاتە غەریزەی دەسەڵاتخوازی و بەهێزبوون بوونی هەیە.

*** بۆچی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی كە لە سۆڤییەتی پێشوو جیابوونەتەوە، مەترسی سەرهەڵدانی دیكتاتۆری هەیە؟**

– ئەمە بە چەند هۆیەك، یەكەم هۆ ئەوەیە كە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمی دیموكراسی لەو وڵاتانە زۆر بێ نەزم و بێ بەرنامە و بێسەرەوبەرەیی پێوەدیارە، دووهەم ئەوەیە كە هێزە دیموكراتخوازەكان یەكگرتوو نەبوون و تووشی هەڵەی زۆر گەورە بوون. بۆنموونە لە ئۆكراین، هاوپەیمانی پورتەقالی لەناوخۆیاندا تووشی چەندین كێشە بوون و نەیانتوانی ئەركەكانی خۆیان بەجێبگەیەنن . بەڕای من گەورەترین كێشەی سەرەكی هەر لەكۆنەوە، تا ئێستا لەو ناوچەیە نەبوونی

دامەزراوەکان بووە بە تایبەتی دامەزراوە بە هێزەکان هەرلەسەرەتای کۆمۆنیستەکانەوە هەتا سۆڤییەتی پێشوو. هەر بۆیە حزب و لایەنە سیاسییەکان بونی نەبووە و کۆمەڵگەی مەدەنییان نەبووە و ئەگەر هەبووبێت زۆر لاواز و بێ توانا بووە. ئەوان حکومەتێکیان هەبوو کە توانیویەتی بە توندترین شێوە سەرکوت و دەمکوت بکات، بەڵام هاوکات ئەو حکومەتە نەیتوانیوە خزمەتگوازیی پێشکەشبکات. حکومەتێک نەبوو کە گەندەڵی نەکردبێت و بە بێ گەندەلی نەیتوانیوە کارەکانی جێبەجێ بکات. لەوێ دەستوور و یاسا سەروەر نەبووە، هەربۆیە جیهانی کۆمۆنیستی و ئەمریکای لاتین هەر لە دەیەکانی 1950 بەم لاوە لە ژێر هەیمەنە و سێبەری دیکتاتۆریدا بووە و دەتوانین بڵێین کە ئەو جۆرە حکومەتانە هیچ قسەیەکیان بۆ وتن و هیچ کردارێکی ئەوتۆیان نەبووە، کە قسەی لەسەر بکرێت جگە لە سەرکوت کردن و پێشێلکردنی دەستوور و بەرزاندنی سەروەری یاسا، هەر بۆیە ناڵێم لە داهاتوو دووبارە ئەمە ڕوونادا، بەڵام لەوانەیە دووبارە ببێتەوە چونکە

دروستکردنی دامەرزاوە مەدەنی و یاساییەکانی کات و زەمەنی زۆری دەوێت.

***ویلایەتە یەکگرتووەکان تووشی چە هەڵەگەلێك بووە لەو ناوچەیەدا؟**

فۆکۆیاما: پێموایە ئەمریکا لە زەمینەی سیاسەت هەڵەیەکی زۆری هەبوو ئەمریکییەکان پێیانوابوو ئەگەر لە دەست دیکتاتۆری ڕزگاریان بێت ئەوە ئەوکات دەگەن بە دیموکراسی ڕاستەقینە، هەرچەند بە ڕای من گرنگی پێویست بۆ دروستکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ پشتگیری و پشتیوانی لە دیموکراسی نەدرا، ویلایەتە یەگگرتووەکانی ئەمریکا دەیتوانی باشتر هەنگاو بنێت بە تایبەتی لە یەکەمین ساتەکانی دەیەی 1990 لە ڕوسیا دەتوانی کۆمەکێکی باش بۆ بەهێزبوونی دیموکراسی بکات.

*** تۆ باس لەوە دەکەی کە ڕووسیا لە دیموکراسی دوور کەوتۆتەوە ، ئایا ئەمە ڕاستە بەهۆی ئەوەی کە ڕووسیا لەلایەن وڵاتانی هێزپارێز و دەسەڵاتخوازەوە دەور دراوە و پشتگیری لەوان دەکات، ئەمەش لە خزمەتی بەهێزبوونی مەیلی دەسەڵاتخوازیانە لە لایەن ڕووسیەوە؟**

– بەڵێ وایە، بوونی دیموکراسی ڕاستەقینە لە وڵاتانی دراوسێ و نزیکی ڕووسیا لەڕاستیدا بە قازانجی ڕووسیا نییە ( ڕووسیا خۆی وا دەڵێ)، چونکە پەیامێکی تر دەگەیەنێت بە دانیشتوانی ڕووسیا کە حکومەتی ڕووسیا حەزناکات، هەر بۆیە ڕووسیا حەز دەکات دراوسێکانی دراوسێیەکی پاوانخواز و دەسەڵاتخواز بێت، هەربۆیە پێموایە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو و فراوان هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان ڕووسیا و وڵاتانی دیکتاتۆری دراوسێ و نزیکی ڕووسیا دروستدەبێت بەشێوەیەگ کە هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئازادی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لەبواری وزە و گواستنەوەدا.

*** لەئێستادا هەموو چاوەکان لەسەر ڕووسیا چڕ کراونەتەوە، کە ئایا پێدەچێت ڕووسیا لەڕووی خۆپارێزییەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە وردبینییەوە پشتگیری لە گۆڕانگاری دیموکراتیکی دەکات لەناو وڵاتانی دراوسێیدا؟**

– هەڵبەت ئەمریکایش کۆمەکێکی زۆری بۆ پشتیوانیکردن لە دیموکراسی تەرخانکردووەو

لە ڕابردووشدا کردوویەتی بەڵام هەر وەک دەزانن کە هەندێک پەرچەکرداری لێکەوتۆتەوە، هەموو وڵاتەکان یاسایەکیان داناوە، کە هیچ گروپ و دەستەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆی نییە پارە وەک کۆمەک و یارمەتی وەربگرێت. وڵاتانی وەک جۆرجیا و ئۆکرانیا ڕیگەچارەیان دۆزیوتەوە بۆ ئەندامبوون لەناتۆ دا، ئەمە بە ڕای من کارێکی باشە، بەڵام لە پراکتیک و کردەوەدا کردارێکی ژیرانە نەبوو، چونکە ناتوان لە ڕاستی پەیمانێکی سەربازییە کە هەموو ئەندامانی ناتۆ ( ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی) ئەگەر وڵاتێک هێرش بکاتە سەر یەکێگ لە ئەندامانی ناتۆ، ئەوە هەموو ئەندامانی ناتۆ لەسەری دێنەدەنگ و بە هانایەوە دەچن و بەرگری لێ دەکەن. پێموایە ئەو دوو وڵاتە مەرجی ئەوەیان تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ناتۆ، بەڵام بۆ یەکێتی ئەوروپا ئەوە فەرق دەکات، یەکێتی ئەوروپا یەکێتییەکی سەربازی نییە و ئەوروپاییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی باش بۆ بەهێزکردنی ریکخراوە مەدەنییەکان بگێڕن.

*** بۆچی یەکێتی ئەوروپا پێشنیاری ئەندامبوونی بە ئۆکرانیا و بیلاروس نادات؟**

– هۆکارەکەی ڕوون و ئاشکرایە چونک زۆربەی ئەوروپاییەکان پێیانوایە کە ئەو یەکێتییە زۆر بە خێرایی گەشە و پەرەی سەند. نەدەبوایە یۆنان ببوایەتە ئەندام یان نەدەبوایە ئاوا بە خێرایی ئەندامبوونی یۆنان لەناوچەی یۆرۆ قەبوڵ بکرایە، لەئێستا هەندێک لە ئەوروپاییەکان پێیانوایە کە بولگاریا و ڕۆمانیا زووتر لە کاتی خۆیان وەک ئەندام وەرگیراون و دەبوایە ئەو وڵاتە چاوەڕێی زیاتریان بکردایە،چونکە ئەو وڵاتەدا ناو خۆیاندا بە هۆی گەندەلی و کارکردی دامودەزگا حکومییەکان دواکەوتوون و دەبوایە ئاوا بە خێرایی وەرنەگیرایەن.

*** بەڕای تۆ ڕۆڵی چینی مامناوەند لە گۆڕانکارییە دیموکراتییەکان چۆنە، ئایا چینی مامناوەند لەوناوچەیە جیاوازییەکی هەیە لەگەل چینی مامناوەندی تورکیا یان بەرازیل؟**

– چینی مامناوەند لە هەموو جیهاندا ڕەفتارێکی هاوشێوەیان هەیە، هەربۆیە باوەر ناکەم چینی مامناوەندی بیلاڕوس و ڕووسیا و چین و بەرازیل و تورکیا پێکەوە جیاوازییەکی

بنەڕەتیان هەبێت. بەڕای من ئەو خەڵکەی کە بڕوانامەی بەرزی هەیە و سامان و سەروەتێکی هەیە، خانوو و ئۆتۆمبێلێکی هەیە، زیاتر لەبارەی سیاسەتەوە نیگەرانن هەتا خەڵکانی تر، چونکە بەهای دارایی ئەوان دەگۆڕدرێت و زۆرجاریش پشت دەبەستێت بە ئەزموونی شەخسی ئەوان. خەڵکانێکی زۆر لە چینی مامناوەند لەسەردەمی بۆریس یەلتسین سەرۆکی ڕووسیا لە دەیەی 1990 لە ڕووسیا ژیاون و باری خراپی ئابوورییان بینیوە و لەئێستاشدا لەبیریان ماوە، ئەوان ئەزمونی تێکەڵکردنی ئەو دۆخەخراپەیان بە دیموکراسییەوە هەیە، هەربۆیە هەندێک لەوان کۆتایی بەوە هێناوە کە پشتگیری لە پۆتین بکەن.

***چین چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەو گۆڕانگارییانە دابنێت؟**

- پێموایە چین و مۆدێلی چین لە 10 ساڵی ئایندە ڕۆژانێکی سەختی لەبەردەمە، لەئێستا ئەوان وەک ڕابردوو بەباشی کارناکەن و ئاستی گەشەی ئابوورییان دابەزیوە، بەڵام چینی مامناوەند لە چین لەئێستا ڕوو لە بەرزبوونەوەیە

و پێموانییه له 10 ساڵی ئایندەدا چین بتوانێت جێگرەویەکی باش و سەرنجڕاکێش بێت بۆ دیموکراسی ڕۆژئاوایی

*** تۆ له قسەکانی خۆتدا زیاتر باسی پۆتین و یانکۆویچیت کرد ئەدی بۆ ئاماژەیەکت بە لۆکاشینکۆ سەرۆك کۆماری بیلاروس نەکرد؟ هۆکارەکەی چی بوو؟**

– بەڕای من لەبەرئەوەی کە له ڕووسیا و ئۆکرانیا هیوا و ئۆمێدیەکی زۆر بۆ سەقامگیری دیموکراسی لـه کاتێکی دیـاریـکراودا هەبوو هەرچەند کە ئەو هیوایه نەهاتەدی، ئەو کاتەی کە بۆریس یەلتسین پۆتینی وەک سەرۆک لە شوێنەکەی خۆی دانا زۆربەی خەڵکی ڕووسیا هـیـواداربـوون کـه ڕەنگـه ئـەو پـیـاوە بتوانێت ڕووسیا بەرەو کرانەوەی زیاتر ببات، هەروەک چۆن لەئۆکرانیاش پاش ئـەوەی کە شۆڕشی پورتەقاڵی سەریهەڵدا خەڵک زۆر هیوادار بوون. بەڵام بەداخەوە تۆ لە بیلاڕوس کەسێک  هەیە کە هـەر لـەسـەردەمی داڕمـانـی کۆمۆنیستەوە لەساڵی 1990 وە تائێستا حکومەت دەکا و سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە. من خوێندکاری بیلاڕوسیم زۆرە، زۆرجار له خوێندکارەکانم و

تەنەنات لە خەڵکی ئاسایی بیلاڕوس پرسیاری ئەوە کردووە کە بۆچی بیلاڕوس بە پێچەوانەی ڕووسیا و ئۆکرانیا جادەیەکی تری بۆ خۆی هەڵبژارد و ڕێگەی خۆی لە ڕووسیا و ئۆکرانیا جیاکردەوە، ئەگەرچی تا ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارم دەست نەکەوتووە.

**سەرچاوە:**

- سایت نواندیش

# 25 ساڵ دوای چاپبوونی کۆتایی مێژوو

پاوڵ ساگار

و. ئالان ڕەشید

**کۆتەیشنەکان لە کۆتایی مێژوو:**

• کۆتایی مێژوو واتای ئەوە نییە کە ڕۆلی سروشتیی لەدایکبوون و ژیان و مردن کۆتایی دێت و ڕووداوە گرنگەکان چیتر ڕووانادەن و ڕۆژنامەکان ئیتر دەرناچن... بەڵکو واتای ئەوەیە کە بوارێکی بەرفراوانتر هەیە بۆ پێشکەوتن لە بواری بنەماکان و سیستەمە سەرەکییەکاندا، چونکە سەرجەمی کێشە و مەسەلە گەورەکان چارەسەر کراون.

• ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە مرۆڤەکان تێردەکات دۆخە ماتریاڵییەکەیان نییە، بەڵکو داننانە بە دۆخ و کەرامەتیاندا.

• ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیای گەورە و یەکێتی سۆڤیەت، فۆرمی جیاوازی سیستەمی حوکمڕانیی بوون، بەڵکو جکومەتەکان لە هەر سێ سیستەمەکەدا باڵادەستی خۆیان دەسەپاند، چونکە هەریەکە لەم دەوڵەتانە کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێکدەهێنن کە کۆدەنگیی ڕەهای خەڵک هەیە سەبارەت بە ڕەوایەتی سیستەمە سیاسییەکەیان؛ لە هەر دەوڵەتێکیش لەم دەوڵەتانەدا، خەڵکی لەگەڵ ڕابەر و پێشەواکانیاندا هاوڕان لەسەر چەمکی بەرژەوەندیی گشتیی

کۆمەڵگە و لەسەر نەریتەکان و بنەماکان کە بنچینەی کۆمەڵی مرۆیین.

• نەبوونی کۆدەنگیی فیکری وای لە جەنگ و شۆڕشەکانی ئەم سەدەیە کرد کە مۆرکی ئایدیۆلۆژی بەسەریاندا زاڵ بێت، ئینجا کردنی بە جەنگ و شۆڕشی پەڕگیرتر لەوەی کە دەشیا لە هەبوونی ئەم کۆدەنگییەدا هەبوونایە.

• تەوەری سەرەکی مێژوو ئازادییە... مێژوو زنجیرەیەک ڕووداوی کوێرانە نییە... بەڵکو هەر شتێکە کە واتایەکی هەبێت و ئایدیا مرۆییەکان لەبارەی سروشتی سیستەمی ئاسایی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گەشەیان کردبێت و گەیشتبێتنە ئامانجی خۆیان... خۆ ئەگەر لەمڕۆدا گەیشتووینەتە قۆناغێک کە تێیدا ناتوانین خەیاڵی جیهانێکی هەمەجۆرتر لەم جیهانەی خۆمان بکەین... یان وێنای ڕێگایەکی زۆر ڕوونتر بەرەو داهاتوویەکی باشتر لەو داهاتووەی خۆمان بکەین... کەواتە پێویستە ئەو ئەگەرە بە هەند وەربگرین کە مێژوو گەیشتۆتە کۆتایی خۆی..

• ئەو ئارەزووەی کە لە سروشتی مرۆڤەوە پەیدابووە، ئەو ئارەزووەی کە خود-ئاگایی و

واقیعی مرۆیی لێوە سەریهەڵداوە، لە بنەڕەتدا گوزارشتە لە ئارەزوو بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان و ڕێزگرتن، ڕیسککردن بە ژیانەوە کە واقیعی مرۆیی تا ئاستی ڕۆشنایی بەرز دەکاتەوە، هیچ نییە جگە لە ڕیسککردن بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزووە، ئینجا هەر قسەکردنێک دەربارەی سەرچاوەی خود-ئاگایی، بە زەرورەت قسەکردنە دەربارەی جەنگی ژیان و مردنیش لەپێناو دانپێدانان و ڕێزگرتندا.

- دیموکراسییەتی لیبراڵیستیی سەقامگیر ناکرێت بە بێ بوونی کۆمەڵیک سیاسەتمەداری حەکیم و لێهاتوو، کە لە هونەری سیاسەت تێبگەن، دەربکەوێت؛ کۆمەڵێک سیاسی کە بتوانن مەیلە شاراوەکانی میللەتەکان بگۆڕن بە دامەزراوەی سیاسیی خۆڕاگر.

**یەکەم:** ئەم ساڵ، بیست و پێنج ساڵ بەسەر چاپبوونی کتێبی «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ»دا (1992)ی «فرانسیس فۆکۆیاما» تێپەڕی. ئەو کتێبەی کە بە کەمی خوێنرایەوە و بە زۆوری سەرکۆنەکرا، ڕەنگە یەکێک بێت

